گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

٤٤٩

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٤٩ – خاکە لێوە – ئاوریل ٢٠٢٤




کۆمەڵە داکۆکیکاری لیبڕاوی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان



بۆ یەکسانی تەواو ژن و پیاو پێویستە خەبات بکەین

دانپێدانان بە داماوی لە پەیامی نەورۆزی سەرانی ڕژیمی ئیسلامیدا



شەڕخوازی دەوڵەتی ئیسرائیل و بنبەستی ستراتیژی هێرشی بەرگرانەی ڕژیمی ئیسلامی

## سەروتار

### لە بەرابەر نیزامی سەرمایەداری و حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران ئالای سووری سۆسیالیزم بەرز بکەینەوە

نیشانەکانی پرتووکاویی سەرمایەداری ئێران و ئاکامە وێرانگەرەکانی سیاسەتی ئابووری نیۆلیبرالی و گەندەڵی و ڕانتخۆریی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە هەموو شوێنێک ڕوخساری ناحەز و دژەمرۆیی خۆی نیشان داوە. بەکردەوەدەرهێنانی بەرنامەی نیۆلیبڕالی، خسووسی سازی، پەرەپێدانی چەوساندنەوە و بێکاری، داسەپاندنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دژبە ژنان لە بازاڕی کار و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، کاڵایی کردنی پەروەردە و بارهێنان، تەندرووستی و دەرمان و باقی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێبەری کردنی ژمارەیەکی هەرچی زیاتر لە خەڵک لە دەستڕاگەیشتنیان بەم خزمەتگوازارییە سەرەتاییانە، قەیرانی ژینگە و هەروەها پەرەسەندنی حاشیەنشینی وێڕای ئاکامە دڵتەزێنەکانی، بارودۆخێکی کارەساتباری بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگەدا سەپاندووە. حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری، نەدرانی سەری وەختی حەقدەستە کەمەیش، پەرەسەندنی شیرکەتەکانی پەیمانکاری، تەوەرۆم و گرانی و هاتنە خوارەوەی توانای کڕینی کرێکاران، ژیانی بنەماڵە کرێکار و بێبەشەکانی کۆمەڵگەی بەرەو تەباهی بردووە. پەرەپێدان بە چەوساندنەوە لە نەبوونی کەرەستەی ئیمەنی شوێنی کاردا، شوێنەکانی کاری یەکجار نائەمن کردووە. بێکاری بەرین و زیادبوونی قەراردادی کاتی و سپی ئیمزا هەرجۆرە ئەمنییەتێکی شوغڵی لە کرێکاران زەوت کردووە. لە جەرگەی هەژاری و فەلاکەتی ئابووری و نائەمنی کۆمەڵایەتیدا، دیاردەی منداڵانی کار و شەقام، دیاردەی ئیعتیاد و زۆربوونی لەشفرۆشی و گەلێک ئازاری کۆمەڵایەتی تر کە بنەماڵەکانیان گرفتار کردووە، ژیانی بۆ کرێکاران و توێژە هەژارەکانی خوارەوەی کۆمەڵگای دژوار و تاقەت

پڕووکێن کردووە. لەبەرامبەردا دەسەڵاتداران و باندە حکوومەتییەکان بە سەروەتی سەرچاوەگرتوو لە ڕانتی دەسەڵات، ژیانێکی ئەفسانەییان پێکهێناوە و لە ناز و نیعمەتدا بەسەر دەبەن. لەم بارودۆخەدا دەسەڵات و سەروەتێکی هەرچی زیاتر کەوتووەتە دەست کەمینەیەکی بچووک لە سەرمایەداران، کاربەدەستانی حکوومەت و ئاغازادە و سەرانی سپا و بۆشایی چینایەتی قووڵتر بووەتەوە و جەماوەرێکی هەرچی زیاتر لە توێژەکانی خوارەوە و تەنانەت لە توێژی مامناوەندی کۆمەڵگە ژیانێکی دژوار و هەژارانەیان بەسەردا سەپاوە.



هەر ئەم واقعییەتە ئابوورییانە و ئاسۆی هەژاری و فەلاکەتی زیاتر و داسەپاندنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دژبە ژنان، پەرەسەندنی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە و ئاخێزی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی کردووەتە بابەتێکی حەتمی و هەمیشەیی. لە وەها بارودۆخێکدا هێزە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لە کۆماری خوازانەوە بگرە تا حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان، لە سەڵتەنەتخوازەکانەوە بگرە تا موجاهدینی خەڵق نیگەران لە ماهییەتی واقعی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە، بۆ سەر و سامان دان بە ئاڵتێرناتیڤی خۆیان هەوڵ دەدەن. بەڵام هیچکام لە بەشەکانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە، ڕێگاچارەیەکی واقعییان بۆ کۆتایی هێنان بە فەلاکەتی ئابووری خەڵک و تەنانەت بۆ گەشەدان بە ئابووری دڵخوازیشیان نییە. ڕێگاچارەی ئەم هێزانە بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانی ئابووری هیچ شتێک نییە بێجگەلە سپاردنی ئیدارەی ئابووری وڵات بە دەستی مودیرانی تێکنۆکرات، ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژاوا، لابردنی بەربەستە سیاسییەکانی سەر ڕێی تێکەڵ بوونی زیاتری سەرمایەداریی ئێران لەگەڵ بازاڕی جیهانی، بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی ئابووری نیۆلیبراڵی لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد لە ناوخۆی وڵات. ئەم هێزانە لە باشترین حاڵەتدا بەرنامەی نیولیبراڵی بە مودیریەتی غەیری ئیسلامییەوە بەڕێوە دەبەن و دیکتاتۆری غەیری دینی دەخەنە جێگای دیکتاتۆری دینی.

لە وەها بارودۆخێکدا تەنیا ئەڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی دەتوانێ ئاسۆی رزگاری بەرەوڕووی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی بەش مەینەتی ئێران بکاتەوە. پێویستە چارەسەر و بەدیلێکی کرێکاری و سۆسیالیستی بخرێتە بەردەم موناسباتی سەرمایەداری زاڵ و حکوومەتی سەرمایەی ئیسلامی، تەبلیغ و بانگەشەی بۆ بکرێت و بکرێتە گوتارێکی بەهێز لەناو کۆمەڵگادا. پێویستە نیشان بدرێت کە سۆسیالیزم تەنها بەدیلێکە کە دەتوانێ ئاسۆی ڕزگاری بەرەوڕووی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێراندا بکاتەوە و کۆتایی بە هەموو ئەو کێشە و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە بێنێ کە هەموو کۆمەڵگای داگرتووە. پێویستە بەپێچەوانەی تەسەورێک کە ئیدێئۆلۆگەکانی چینەکانی سەرەوە پەرەی پێدەدەن، نیشان بدرێت کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست و بەدیلی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای بابەتی و واقعی دامەزراوە.پێویستە نیشان بدرێت کە هێزی کۆمەڵایەتی وەدیهێنانی سۆسیالیزم، واتە چینی کرێکار کە بە مانگرتن و نارەزایەتی خۆی لە گۆڕەپانی کۆمەڵگادا بەشدارە، لە ڕەوتی خەبات و ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆیدا زۆربەی بێبەشان و ستەملێکراوان و ئازادیخوازانی کۆمەڵگا و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ خۆی هاوڕێ دەکات، لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمۆنیستیدا خۆی ڕێک دەخات و ئامادەیی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە مێژووییە پەیدا دەکات. ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی لە مەسیری پێشڕەوی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی سیاسی و جەماوەری و سەرتاسەری دەزگای سەرکوت زەمینگیر دەکات و بە ڕێکخستنی ڕاپەڕین لە هەنگاوی یەکەمدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێنێت. ماشێنی دەوڵەتی بەهەموو دام و دەزگای سەرکوتیەوە تێکدەشکێنێت و دەسەڵاتی شۆڕاکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دادەمەزرێنێت. دەسەڵاتی شۆرایی بیساتی ئەشکەنجە و ئێعدام کۆدەکاتەوە و بەرینترین ئازادییە بێ شەرت و مەرجە سیاسییەکان دابین و زەمانەت دەکات. لە ڕێگەی گشتی کردنەوەی خاوەنداریەتی ئامرازی بەرهەمهێنان، هەموو توانا ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران بە بەرنامە و بە شێوەی داڕێژراو دەخاتە کار. بەچارەسەرکردنی لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ لەگەڵ بەرهەمی کارەکەی، توانایی و لێهاتوویەکانی مرۆڤ چرۆ دەکات. . گەشەی ئابووری لەم ڕێگایەوە مسۆگەر دەبێ، بەرهەمی زیاتر بەکات و هێزێکی کەمتر بەرهەم دێت و خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش دەکرێت، بۆ چارەسەرکردنی پێویستییە مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤەکان خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی خەڵک لەئاستێکی بەریندا بەڕێوەدەچێت. خەڵک لە ئیمکاناتی یەکسان و فراوان بۆ گەشەی توانا کەسیەکانیان بەهرەمەند دەبن و هێزی داهێنان و توانای تاکەکەسی دەپشکوێ. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، ئازادی و خۆشبژێوی هەر تاکێك مەرجی ئازادی و خۆشبژیوی هەموانە و تەقالا بۆ مانەوەی تاك کۆتایی پێدێت و ئینسانەکان بەرەو قۆناخێکی بەڕاستی ئینسانی هەنگاو هەڵدەگرن. لە نیزامی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی دا، کار لە جەبر بۆ پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ژیانەوە دەبێتە چالاکیەکی خۆبەخشانە کە تەنیا لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە ئەرکەکان و وڵامدانەوە بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت. تێکنۆلۆژی و پێشکەوتنە زانستیەکیان وێڕای



پێشکەوتنە جیهانیەکانی زانست دەخرێنە خزمەت باشترکردنی ژیانی هاووڵاتییان و ئیمکانی هێنانەخواری سەعاتی کار و بردنەسەری سەعاتی فەراغەت و بێکاری فەراهەم دەبێت. کۆمەڵگای سۆسیالیستی شێوازە جۆراوجۆرەکانی نابەرابەری و هەڵاواردن لەوانە ستەم بەرانبەر ژنان ڕیشەکێش دەکات. هەڵاواردنی ڕەگەزی و بەرچاوتەنگیی نەتەوەیی و نەژادی، جێگای خۆی دەدا بە هاوپشتی ڕاستەقینەی ئینسانەکان. سۆسیالیزم بە وێرانکاری و کارەساتە ژینگەییەکان کە هەستی و ئەمنیەت و ڕەفاهی ئینسانەکانیان خستووەتە مەترسییەوە کۆتایی دێنێ و پاراستن و کەڵک وەرگرتنی عەقڵانی لە سرووشت دەکاتە پێوەری سەرەکی پێشکەوتن و گەشەی خۆی. دامەزراندنی وەها کۆمەڵگایەك، خەیاڵ پەردازی و هێنانە بەرچاوی شاری ئاواتەکان نییە. بەڵکوو حەرەکەتێکە لە ڕەوتی گۆڕانکاریە مادیەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا. هێزە کۆمەڵایەتییەکەی لە قامەتی نارەزایەتی و مانگرتنی شکۆداری کرێکاران، نارەزایەتی بێبەشانی شار لە مەیداندا حزووری هەیە و ئیمکاناتی مادی وەدیهاتنی بوونی هەیە. بەڵام بۆ بەهێزکردنی بواری ڕێکخستنی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە، بۆ تەقویەت و یەکگرتوویی ئاراستەی سۆسیالیستیی ناو چینی کرێکار و بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەی شۆرایی و بۆ دامەزراندنی سۆسیالیسم پێویستە قۆڵ هەڵماڵین.

❊❊❊

# بۆ یەکسانی تەواو ژن و پیاو پێویستە خەبات بکەین

کاتێک ئێمە کۆمۆنیستەکان باس لە یەکسانی هەموو کەسێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جنسییەت، ڕەگەز، نەتەوە و ... دەکەن، مەبەستمان یەکسانییەکی ڕاستەقینە و کۆمەڵایەتییە، نەک هەر یەکسانییەکی حقوقی. یەکسانی حقوقی لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا کە کەسەکان تێیدا لە هەمان سەرەتای لەدایکبوونیانەوە لە بارودۆخێکی نایەکساندان و خاوەنی مەوقعیەتێکن، ناتوانێ یەکسانی ڕاستەقینەی کەسەکان دابین بکات. ئێمە وێڕای داکۆکیکردن لە یەکسانی و بەرابەری حقوقی تێکڕای کۆمەڵگاه و خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەم مافانەدا، بەمشێوە یەکسانییە ڕازی نابین و بۆ دامەزراندنی وەها نیزامێک خەبات دەکەن کە ئیمکانات و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بە شێوەیەکی یەکسان بۆ گشت تاکەکانی فەراهەم کرابێت. لەڕوانگەی ئێمەوە یەکسانی یاسایی و حقووقی هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەبێ لەبەرچاوگیرانی جنسییەت و ڕەگەز و مەرام و ...، تاکە مەرجێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە بەرابەری تەواوی کۆمەڵایەتی. ئێمە وەک ئامرازێك بۆ گەیشتن بە یەکسانی حقوقی دەڕوانینە یەکسانی ڕاستەقینە، نەک هەر بە تەنها وەک ئامانجێک. ئێستا با بزانین لەسەر یەکسانی نێوان ژن و پیاو، ئەم باسە بەشێوەی دیاریکراو چ واتایەکی هەیە: لە ڕوانگەی ئێمە کۆمۆنیستەکانەوە ژن و پیاو لە هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا، نەك هەر دەبێ دەستیان بە بەرابەری حقوقی، بەڵکوو بە بەرابەری ڕاستەقینەش ڕابگات. ئەمە بەو واتایە دێت کە لە پلەی یەکەمدا تێکڕای ئەو یاسایانەی کە جیاوازی دەخەنە نێوان ژن و پیاو، هەڵوەشێنەوە. بۆ نموونە ژن هەروەک پیاو ماف و ئیمکانی کارکردن و دەستڕاگەیشتنی بە هەموو پیشەکان هەبێت. لە کاروباری پێوەندیدار بە بنەماڵە ژن و پیاو لە مافی یەکسان بەهرەمەند بن. بۆ نموونە لە بواری هاوسەرگیری، جیابوونەوەی ژیانی هاوبەش و سەرپەرەستیکردنی منداڵ؛ وە هەروەها هەموو ئەو ئیمتیازە تایبەتانەی لەژێر ناوی "سەرۆکی خێزان" بە شێوەی یاسایی دراوەتە پیاو، هەڵوەشێنەوە؛ و لە کاروباری سیاسیشدا، ژنان هەروەک پیاوان مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێردرانیان، لە هەر بوارێکدا هەبێت.

لە پلەی دووهەمدا و وەکوو مەرجێکی پێویست بۆ هاتنەدی ئەم مافە یەکسانە، ئێمە خوازیاری ئەوەین کە ئیمکانی یەکسانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ئاموزشی، بۆ تێکڕای ژنان بە ئاراستەی پەروەردەکردنی ئیستێعداد و تواناییەکانیان و هەروەها بردنەسەری ئاستی وشیاری و زانستیان، فەراهەم بکرێت. بەڵام بۆ ئەوەیکە ئەم ئیمکاناتە بەواتای ڕاستەقینەی وشە فەراهەم بێت و ژنان بەکردەوە ئیمکانی دەستڕاگەیشتنیان بە یەکسانی هەبێت، پێویستە هەموو کۆسپێکی فەرهەنگی و




مەزهەبیش لەسەر ڕێی گەشەی ژنان هەڵبگیرێت. کەواتە پێویستە خەباتێکی بەرین و بەربڵاو لەدژی ڕا و بۆچوون و بیروباوەڕی پیاوسالارانە ڕێکبخرێت. واتە ئەو باوەڕەی کە پێگەی خوارتر و ژێردەستەبوونی ژن بە ڕەوا دەزانێت و بەداخەوە ڕەخنەی کردووەتە قووڵایی کۆمەڵگاوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ژنان بەهۆی دەور و نەقشێکی تایبەت کە وەک دایک لەئەستۆیانە، لە نیزامی سەرمایەداریدا بەڕووی گەلێک مەحدودییەت و ئاستەنگی دەبنەوە. لەبەر ئەوەیکە نیزامی سەرمایەداری لە ئاست ئەم کێشەیە و بەرامبەر بە منداڵانی کۆمەڵگا، هیچ چەشنە مەسئولییەتێك لە ئەستۆ ناگرێت و بەتەواوی دەیخاتە ئەستۆی خێزان و بنەماڵە. هەر بەم هۆیەوە گەلێک ژن بەهۆی هەژاری دارایی یاخود تەنانەت فەرهەنگیشەوە، لەو کاتەدا کە منداڵیان دەبێت، یان گیانیان لەدەست دەدەن یان تووشی کۆمەڵێک دەردەسەری و نارەحەتی دێن کە کاریگەرییەکەی بۆ هەمیشە بەسەر ژیانیانەوە قورسایی دەکات. وە ئەمە بەکردەوە بەو مانایەیە کە زۆربەی ژنان تەنانەت لە بواری درێژەدان بە ژیانیشەوە، لەگەڵ پیاوان یەکسان نین. لە ڕوانگەی ئێمەوە، کۆمەڵگە دەبێ لەئاست ڕۆڵی دایکایەتی ژناندا، بەکردەوە بەرپرس بێت و بەرپرسیاری قبووڵ بکات، ئەم بەرپرسایەتییە کە دەبێ لە ئەستۆی کۆمەڵگا بێت، بە ئەرکی تایبەتی ژنان نەداتە قەڵەم و لەڕێگەی ڕەخساندنی ئیمکاناتێکی بەرین و بەخۆڕایی بێهداشتی، دەرمانی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەم ئاستەنگ و مەحدودییەتانە و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەدا بەسەر ژناندا دەسەپێت، لەناو ببات. لەگەڵ ئەوەدا لەناو کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ڕۆڵی دایکایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ، گەلێک مەحدودییەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی بەسەر ژناندا سەپاندووە و کۆسپی خستووەتە سەرڕێی گەشەکردنیان؛ نیزامی سەرمایەداری لەڕێگەی داسەپاندنی ئەم ڕۆڵ و مەسئولییەتە بەسەر ژنان، لە زۆرێک لە ماف و ئیمکاناتیش بێبەریان دەکات. لەناو کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بوون بە دایک، دەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێی ژنان بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە یەکسانی حقوقی و کۆمەڵایەتی. وئەمانە بەگشتی لەبەر ئەوەیە کە نیزامی چینایەتی و چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، مەسەلەی دایکایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ، بە ئەرك و بابەتێکی خسوسی و تایبەت پێناسە دەکات. بەڵام ئێمە ئەم پرسە بەتەواوی بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەزانین و ڕێگەچارەی کۆمەڵایەتیشمان بۆی هەیە. هەر بەم مەبەستە بەردەوام بۆ مسۆگەرکردنی ئیمکانات و مافی تایبەت بۆ دایکان و ژنانی دووگیان، تێدەکۆشین.

ئەوەی باسمان کرد بە کورتی بریتییە لە: یەکەم، ژنانی دووگیان بتوانن لە مۆرەخەسیی پێویست و تەواوی قۆناغی بەر لە منداڵبوون و دوای منداڵبوون بەهرەمەند بن، بەبێ ئەوەیکە لە حقوق و مەزایاکانیان بێبەش بکرێن، لە هەمانحاڵدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، لەسەر ئاستی شار و شارۆچکە و گەڕەکیشدا، باخچەی ساوایان بە ڕادەی پێویست دابین بکرێت، بۆ ئەوەیکە ژنان بتوانن کۆرپە و منداڵانی پێ بسپێرن و خۆیان بە کار و پەروەردەکردنی خۆیانەوە خەریك بن؛ بۆ ئەو ژنانەی کە منداڵی ساوایان هەیە، بەبێ ئەوەیکە حقووقیان کەم و کەسر بکرێت، دەبێ سەعاتەکانی کاریان کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم دایکانە بتوانن خۆراک بدەن بە منداڵەکەیان؛ کۆمەڵگە ببێتە خاوەنی وەها ئاستێک لە ئیمکانات و ڕیفاە کە باری کاری بێزارکەر و تاقەتپڕووکێنی ناوماڵ، لەوانە چێشت لێنان و جل شۆردن، لە سەرشانی ژنان سووك بێت و هاوکات لەم ڕێگەیەوە بەستێنی هەموو پاساو و بیانوویەک کە بوورژوازی لەبەر خاتری بوونە دایک، ژنانی پێ لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان بێبەش کردووە، لەناو بچێت.

بەکورتی: ئێمە کۆمۆنیستەکان خوازیاری ئەوەین کە ژن و پیاو ئیمکانات، هەلومەرج و مافی یەکسانیان هەبێت بۆ گەشە و پەروەردەکردنی ئیستێعداد و تواناییەکانیان و وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ، لە چوارچێوەی بارودۆخ و مافی کۆمەڵایەتیدا، ئیمکاناتی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەستەبەر بکەن. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە هەر چەشنە کۆسپێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە ڕەوتی گەشەکردنی ژنان و ئیمکانی بوونیان بە مرۆڤێکی سەربەخۆ و یەکسان ڕادەگرێت یاخود خاو دەکاتەوە، لەناو بچێت.

***

# کوشتاری کۆڵبەران، پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەردەوام و ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەر کۆڵبەران و تەقەیان لێ دەکات. بەپێی ئاماره بڵاوکراوەکان، لە ماوەی هەفتەی یەکەمی ساڵی نوێدا، هێزە نیزامییەکانی ڕژیمی ئیسلامیی ئێران لانیکەم ٥ کۆڵبەریان بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوشتووە و١٩ی دیکەشیان بریندار کردووە. یەکەمین شەپۆلی کوشتنی کۆڵبەران لە ساڵی تازەدا وەک دیاریی نەورۆزی حکومەتی ئیسلامی، ڕۆژی شەممە ٤ی خاکەلێوە لە سنووری نەوسوود ڕوویدا. لەو ڕۆژەدا چەکدارانی ڕژیم تەقەیان لە کۆمەڵێک کۆڵبەر کرد و لە ئەنجامدا یەکێک لەو کۆڵبەرانە بە ناوی "پەیمان ئەحمەدی" کوژرا و چەند کەسێکی دیکەش بریندار بوون. ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ پاش دوو ڕۆژ هەوڵی بەردەوامی خەڵکی ئینساندۆست، تەرمی بێ گیانی کۆلبەرێکی تەمەن ٣٣ ساڵ لە بەرزاییەکانی پیرانشار لە ژێر بەفردا دۆزرایەوە. هەر لەو ڕۆژەدا کۆڵبەرێکی دیکە لە بەرزاییەوە کەوتە خوارەوە و قاچی شکا، هەروەها ٤ کۆڵبەری دیکەش بەهۆی تەقەی بەکرێگیراوانی حکوومەتەوە بریندار بوون. ڕۆژێک پێشتریش سێشەممە حەوتی مانگی خاکەلێوە، چەکدارانی ڕژیم تەقەیان لە ژمارەیەک کۆڵبەر کرد و لانیکەم هەشت کەسیان بریندار کرد. هەر لەو ڕۆژەدا تازەلاوێکی تەمەن ١٧ ساڵان لە سنووری بەستامی سەقز بە گوللەی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم بریندار بوو و تازەلاوێکی دیکەش لە سنووری "هەنگەژاڵە"ی بانە کرایە ئامانج و بەهۆیەوە بریندار بوو. هەروەها ڕۆژی سێشەممە بە هۆی تەقینەوەی مینێکی چێنراوی ڕژیم لە سنووری شاری سەردەشت، دوو کۆڵبەری دیکە بریندار بوون و یەکیان قاچی لەدەستدا. ڕۆژی دووشەممە ٦ی مانگی خاکەلێوە مێرمنداڵێکی کۆڵبەری تەمەن ١٦ ساڵ لە سنووری مەریوان لەلایەن بەکرێگیراوانی حکومەتی ئیسلامی تەقەی لێکرا و بریندار بوو. هەر لەو ڕۆژەدا کۆلبەرێکی دیکە لە سنووری نەوسود و دوو کۆلبەریش لە سنووری بانە بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم بە سەختی بریندار بوون. ڕۆژی یەکشەممە ٥ی خاکەلێوە منداڵێکی کۆڵبەری ١٥ ساڵ تەمەن لە کاتی کۆڵبەری لە سنووری "میشیاو"ی سەقز بەهۆی بارینی بەفر و سەرماوە بەشێوەیەکی دڵتەزێن گیانی لەدەست دا و ڕۆژێک دواتر بە هەوڵی خەڵکی تێکۆشەر جەستەی بێ گیانی دۆزرایەوە. هەروەها کۆڵبەرێکی تەمەن ٤٨ ساڵ لە کاتی کۆڵبەریدا تووشی جەڵتەی دڵ بوو و لە سنووری نۆسود گیانی لەدەستدا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە "میلاد" کوڕە تەمەن ١٥ ساڵە ڕۆژی هەینی ٣ی مانگی خاکەلێوە لە کاتی کۆڵبەریدا هەر لە هەمان سنوور بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەوە بەسەختی برینداربوو. ڕۆژی یەکشەممە لە سنووری "هەنگەژاڵە"ی بانە، کۆلبەرێکی لاوی تەمەن ٢٢ ساڵ بە تەقەی ڕاستەوخۆی بەکرێگیراوانی چەکداری ڕژیم بە سەختی بریندار بوو و بەداخەوە لە ڕێگای نەخۆشخانەدا گیانی لەدەستدا.

بەپێی ئاماری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەماوەی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٣٠٠ کۆڵبەر لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون یان برینداربوون، کە ئەمەش لە ماوەی ده ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە. بێگومان ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بەرپرسی ڕاستەوخۆی کوشتن و بریندارکردنی کۆڵبەران بە تەقەی ڕاستەوخۆیە، بەڵکوو بەرپرسی گیان لەدەستدان و برینداربوونی ئەو کۆڵبەرانەشە کە بەهۆی فەزای ترس و وەحشەتێک کە ڕژیم پێکیهێناوە تووشی ڕاوەستانی دڵ دەبن، یان لە بەرزاییەکانەوە بەردەبنەوە، یان دەبنە قوربانی بەفر و سەرما. جگە لەوەش ڕژیمی ئیسلامی بەرپرسیارە لەئاست کۆڵبەران و هەزاران ئینسانی دیکە کە بە هۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی سەر سنوورەکانی کوردستان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، گیانیان لەدەستداوە یان



بریندار و کەمئەندام بوون.

کۆڵبەران بەشێک لە سەدان هەزار کرێکاری بێکار و خەڵکی زەحمەتکێشن کە بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە ڕوویان کردووەتە کۆڵبەری. زۆرێک لە کۆڵبەران خوێندنی باڵایان هەیە. قوباد کەرەمپوور "نوێنەری کرماشان لە شۆرای باڵای ڕژیم لە پارێزگاکان" دانی بەوە داناوە کە زیاتر لە ٥٠ لەسەدی کۆڵبەران دەرچووی زانکۆن. کۆماری ئیسلامی ئەم دەسەڵاتە دژئینسانیە، لە جیاتی ڕەخساندنی هەلی کار و دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ کۆلبەران، ساڵەهایە بە کوشتن، بریندارکردن، گرتن، ئەشکەنجەدان و زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی ئەوان، لە تیکە نانێک کە کۆڵبەران بە تەحەمولی مەترسی گیانی بەدەستی دێنن ڕێگری دەکات.

کۆماری ئیسلامی کۆڵبەران ئەم ئینسانە زەحمەتکێش و شەریفانەی کوردستان، کە هێزی کاری ئەجیرکراوی بازرگانان و دەڵاڵانی کوردستانن، بە تێکدەری بواری ئابووری و گواستنەوەی کاڵای قاچاغ لە سنوورەکان تۆمەتبار دەکات. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەموو سنوورەکانی ئێران لەژێر کۆنترۆڵی سپای پاسداراندایە و فەرماندە و بەرپرسانی سپای پاسداران یان هەمان "بەرادەرانی قاچاغچی" خۆیان لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی ئابووری لە ئێرانن و گەورەترین باندی قاچاغی ماددەی هۆشبەرن. ڕێگای گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سنووری ئەفغانستانەوە بۆ سنوورەکانی سووریيە و لوبنان و لەوێشەوە بۆ ناو ئوردن بۆ ناردنی بەرەو وڵاتانی عەرەبی و ئورووپایی لەژێر کۆنترۆڵی بەناو "میحوەری موقاوەمەت"ی سەر بە کۆماری ئیسلامیدایە. لەم دواییانەدا وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا و ئاژانسی هەواڵی "ئەناتۆلی"ی تورکییە و "ئەلعەرەبییە" ئاشکرایان کرد کە ئەو گرووپانەی کۆماری ئیسلامی پشتیوانیان لێدەکات، لەوانە حیزبوڵڵا، حوسییەکان، حەشدی شەعبی و دەست و پێوەندەکانی لە سووریيە، لەئاستێکی بەریندا ماددەی هۆشبەری "کاپتاگۆن" بەرهەم دێنن و بازرگانی و قاچاغی پێوەدەکەن. سپای پاسداران لەسەر ئاستی ناوچەیی و بە هاوکاری لەگەڵ ئەم گرووپانە بەردەوام پایەکی سەرەکیی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان بووە.

سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەی کە بەسەر کۆڵبەراندا سەپاوە، لەژێر دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، کۆڵبەری و هەنگاو هەڵگرتن لە جادەکانی مەرگ بۆ وەدەست هێنانی نان، "پیشە" بە ئەژمار دێت. لەژێر حاکمیەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا پارێزگا کوردنشینەکان بەپێی پێوەرەکانی گەشەی ئابووری بەردەوام لە ناوچە بێبەشەکانی ئێران دێنە ئەژمار و لە بواری لەسەرێ بوونی ڕێژەی بێکاری بەتایبەت پارێزگای کوردستان لە پێنج پارێزگاکانی یەکەمی ئێرانە و نزیکەی لەسەدا ٢٥ی لاوان لەم پارێزگایەدا بێکارن. لاوازبوونی ژێرخانە ئابوورییەکان لە هەموو بوارەکاندا، نەبوونی بەرنامەی درێژماوە بۆ پێکهێنانی پیشەی پایەدار و هەڵاواردنی بەرچاو لە تەرخانکردنی بوودجەی پێویست بە پارێزگای کوردستان، بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و ڕێژەی باڵای بێکاری. بەهۆی ئەم سیاسەتەوە نەتەنیا بۆشایی چینایەتی نێوان هەژاری و سەروەت بەکجار قووڵتر بووەتەوە، بەڵکوو لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران دیاردەی کۆڵبەری، کە لە بێکاری و نەبوونی پیشەی پایەدارەوە سەرچاوە دەگرێت، پەرەی سەندووە. بێجگەلە ستەمی چینایەتی، سیاسەتی سیستماتیک و پڕ لە جیاوازی و هەڵاواردنی حکومەتی ئیسلامی دژبە خەڵکی کوردستان بووەتە هۆی پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری، و جەمعییەتێکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەتایبەت لە شارە سنوورییەکان بێجگەلە کۆڵبەری ڕێگایەکی دیکەیان بۆ دابینکردنی ژیان نییە. پێداگری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەی سیاسەتی شۆڤێنستی و نیگای ئەمنیەتی بە کوردستان، بەستێنێکی بابەتی بۆ درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان ئامادە کردووە. بزووتنەوەیەک کە کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنانی ستەملێکراو و کۆڵبەرانی کوردستان بزوێنەری سەرەکین. بزووتنەوەیەك کە بێبەشی و بێمافی بە چارەنووسی حەتمی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان نازانێت و بڕیاری داوە کە کۆتایی بە هەموو بەدبەختی و نەهامەتیەکان بێنێت. بزووتنەوەیەک کە بە هیمەتی ڕەوتی سۆسیالیستی، دەسەڵاتی شۆرایی خەڵکی کوردستانی خستووەتە ئاسۆوە.

***

# شەڕخوازی دەوڵەتی ئیسرائیل و بنبەستی ستراتێژی هێرشی بەرگرانەی ڕژیمی ئیسلامی

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی فەرمی حکوومەتی سووریە، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٣ی مانگی خاکەلێوە ڕێکەوتی ١ی ئاوریلی ٢٠٢٤ بینایەکی نزیک لە باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی لە گەڕەکی «المزه»ی دیمەشق هێرشی کرایە سەر و بەهۆیەوە چەند کەس کوژران. دوای ئەم هێرشە، حسێن ئەکبەری، باڵیۆزی ڕژیمی ئیسلامی لە دیمەشق ڕایگەیاند: فڕۆکە جەنگییەکانی ئێف ٣٥ی ئیسرائیلی بە شەش مووشەک بینای کونسوڵخانەی ئێرانیان کردە ئامانج. بەدوای ئەمەشدا میدیاکانی حکوومەت لە ئێران ڕایانگەیاند کە لە ئاکامی هێرشی ئاسمانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر بینای کۆنسوولخانەی ئێران لە نزیک بینای باڵیۆزخانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی تێکڕووخاوە



و حەوت ئەندامی باڵای سپای پاسداران لەوانە محەممەد ڕەزا زاهدی فەرماندەی قۆدسی سپای پاسداران لقی سووریە و لوبنان، سەرتیپی پاسدار محەممەد هادی حاجی ڕەحیمی جێنشینی زاهدی، حسێن ئەمانەڵلاهی سەرۆکی ستادی گشتی هێزی قۆدسی سپای پاسداران لە سووریە و لوبنان و چوار کەسی دیکە لە ئەفسەرانی سپا کوژراون. دوابەدوای ئەوە پەیوەندییە گشتییەکانی سپای پاسداران، هێرشی مووشەکی فڕۆکەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر بینای کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە دیمەشق و کوژرانی ٧ فەرماندە و ئەفسەری سپای پاسدارانی پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاند کە بۆ بەخاکسپاردنیان لەحاڵی ئامادەکاریدان. ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کۆماری ڕژیمی ئیسلامیش لە پەیامێکدا ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند کە: "ئەم جەنایەتە ناجەوانمەردانەیەش بێ وڵام نامێنێتەوە."

لە دوای هێرشی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەززە، ئەرتەشی ئەم وڵاتە هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر بنکەکانی هێزەکانی قودسی سپای پاسداران و حزبوڵڵای لوبنان لە سووریە چڕتر کردووەتەوە. بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ١٠ی خاکەلێوە، لە ئەنجامی هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر یەکێک لە بنکەکانی حزبوڵڵای لوبنان لە دەوروبەری شاری حەلەب، زیاتر لە ٤٠ کەس کوژران. ڕۆژی ٥ی مانگی بەفرانبار، سەید ڕەزا موسەوی، ڕاوێژکاری باڵای سپای قودس و کەسی بەرپرسی هەماهەنگی نێوان سووریە و ئێران لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە کوژرا. ڕێکەوتی ٣٠ی مانگی بەفرانباری ڕابردوو، بەهۆی هێرشی مووشەکی ئیسرائیل بۆ سەر دیمەشق، پێنج ئەندامی هێزەکانی قودسی سپای پاسداران، کە یەکیان فەرماندەیەکی باڵا و جێگرەکەی بوو، گیانیان لەدەستدا. هەواڵنێری دەوڵەتی سووریە ٩ی مانگی ڕێبەندان لەسەر زاری سەرچاوەیەکی نیزامی ئەم وڵاتە ڕایگەیاند کە ژمارەیەک ڕاوێژکاری ئێران و چەندین کەسی مەدەنی لە هێرشی ئەمڕۆی ئیسرائیل بۆسەر چەندین شوێن لە باشووری دیمەشق کوژراون. هێرشەکانی ئەم دواییەی ئەرتەشی ئیسرائیل و بە تایبەت هێرش بۆ سەر کونسوڵخانەی ڕژیمی ئیسلامی دەکرێ وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر دیداری ڕێبەرانی حەماس و جیهادی ئیسلامی لەگەڵ خامنەیی و فەرماندەکانی سپای پاسداران کە لە تاران ئەنجام درا، لە قەڵەم بدەین. لە وێنەکانی ئەم دیدارەدا، وێنەی پاسدار سەعید ئیزەدی دەبینرێت کە لە بنەڕەتدا بەرپرسی گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانی فەلەستینییە لەناو هێزەکانی قۆدسی سپای پاسداران.

بەڵام مەسەلەکە لەوە گەورەترە. دەوڵەتی نەتانیاهۆ کە لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا بە پەرەپێدانی هێرشی ئاسمانی و مووشەکی بۆسەر لوبنان و سووریە بەکردەوە بەرەو پەرەپێدانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاوی هەڵگرتووە، ئەمجارەیان بە ئەنجامدانی هێرشی مەرگباری ئەم دواییە لە سووریە دژبە هێزەکانی حیزبوڵڵا و سپای پاسداران نەتەنیا ئاستی تەحەمول و زەرفیەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیحتمالی تاقی دەکاتەوە، بەڵکوو دەیهەوێ لە ئاستی دژایەتی و هەستیاربوونی دەوڵەتی ئەمریکا بەرامبەر بە هەوڵەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پەرەپێدانی شەڕ هەڵسەنگاندنێکی ورد و ڕوونی هەبێت. دوای ئەم هێرشە مووشەکییە، ماتیۆ میلەر، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە کاردانەوە بە هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دیمەشق، ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە لە ئێستادا حکوومەتی ئەمریکا ناتوانێ سەبارەت بە "پشتڕاستکردنەوە"ی شوێنی پێکراو و یان "ئەنجامدەری هێرشەکە" ڕای خۆی دەربڕێ. ناوبراو سەبارەت بە ئاکامەکانی هێرشی ئاسمانی ئەمڕۆ لەسەر ناوچەکە وتی: "من نامهەوێ بەر لەوەیکەی زانیاریی پێویست کۆبکەینەوە، بۆچوونی خۆم لەمبارەوە بڵێم بەڵام ئاشکرایە کە ئێمە لەئاست هەر شتێک کە گرژی و تێکهەڵچوونی زیاتری لە ناوچەکە لێبکەوێتەوە نیگەرانین.

دەوڵەتی ئەمریکا کە ئیدیعای ئەوە دەکات لە یەک مانگ پێشترەوە بە دەوڵەتی ڕووسیە سەبارەت بە هێرشی ئەم دواییەی داعش لە مۆسکۆ و یان پێشتر بە کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی سەبارەت بە هێرشی تیرۆریستی لە کرمان هۆشداری داوە، چۆن لە هێرشی گرینگترین هاوپەیمانی ستراتێژیکی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنانەت دوای ئەنجامدانی هێرشەکەش ئاگادار نییە؟

دەوڵەتی ئەمریکا کە لە سەرەتای شەڕەوە بێ مەرج پشتیوانی لە تاوانی جەنگی و کۆمەڵکوژی حکوومەتی ئیسرائیل لە دژی خەڵکی فەلەستین لە غەززە کردووە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە ئۆپەراسیۆنە سنووردار و کۆنترۆڵکراوەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل لە دژی حزبوڵڵای لوبنان و بنکەکانی سپای پاسداران لە سووریە دەکات. حکوومەتی



بایدێن کە لە پشت پەردەوە دانوستانی ناڕاستەوخۆی ئەتۆمی لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی درێژە پێدەدات، لە هەمان کاتدا پەرەسەندنی شەڕ لە بارودۆخی ئێستادا هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیدا نابینێت. بەڵام پێویستی بە ئامرازی گوشاری ئەرتەشی ئیسرائیلە بۆسەر هێزەکانی سپای پاسداران لە سووریە. لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی دەستی ڕاستی نەتانیاهۆ لە قۆناغی ئێستادا پێداویستییەکانی لە هێرشی سنووردار و کۆنترۆڵکراو بانترە. دەوڵەتی ئیسرائیل کە دوای شەش مانگ شەڕ و تاوان لە غەززە بە ئامانجە نیزامییەکانی نەگەیشتووە، لەسەر ئاستی نێونەتەوەییش زیاتر ڕیسوا و گۆشەگیر بووە و لە ناوخۆش ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی توند بووەتەوە، زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە پەرەپێدانی شەڕە. ئەرتەشی ئیسرائیل شکست و ناکارامەیی نیزامی خۆی لە غەززە بە زەربە لێدان لە حیزبوڵڵا و سپای پاسدارانی ڕژیمی ئیسلامی و بە پەرەپێدانی گوشار بۆسەر دوژمنانی سوێندخواردووی لەئاستی ناوچەکە قەرەبوو دەکاتەوە. کێشەی نەتانیاهۆ ئەوەیە کە لەحنی هاوپەیمانانی ئوورووپایی ئەمریکا لە ناتۆ لەژێر گوشاری بیروڕای گشتی جیهان لەئاست سیاسەت و کردەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل تا ئاستێک گۆڕاوە.

لەلایەکەوە دەوڵەتی ئیسرائیل دوای شەش مانگ شەڕ و

جەنایەت لە غەززە بە هیچ کام لە ئامانجە نیزامییەکانی خۆی واتە نابوودی حەماس و ئازادی بەدیلگیراوان نەگەیشتووە و پێویستی بە شەڕنانەوەیە، لەلایەکی دیکەوە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش بۆ شاردنەوەی لاوازییەکانی خۆی لە بەرابەر قودرەتنمایی نیزامی ئیسرائیل بە دیدار لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس لە تاران بە بەشداری بەرپرسی گرووپە ئیسلامییە چەکدارە فەلەستینییەکان لە هێزی قودسی سپای پاسداران و بە شانۆی هاندەرانە، خۆراکی ئەم شەڕنانەوەیەی فەراهەم کردووە.

واقیعیەت ئەوەیە کە بەپێچەوانەی ئەفسانەوێژی سەرانی ڕژیم، سیاسەتی ستراتێژیک و دوکتۆرینی "هێرشی بەرگرانە" یان "شەڕی خۆپارێزی" لەڕێگەی هێزەکانی میحوەری موقاوەمەتەوە گەیشتووەتە بنبەست. دەوڵەتانی



ئەندامی میحوەری موقاوەمەت لە ناو سنوورەکانی خۆیاندا بەرەوڕووی ڕق و بێزاری گشتی و شەپۆلی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بوونەتەوە. ئەگەر قاسم سولەیمانی وتبووی کە بۆ زەمانەتکردنی ئەمنیەتی خۆرەمشار، تاران و قۆم دەبێ لە لوبنان و سووریە و عێراق بەشەڕ بێین، لەئێستادا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ زەمانەتکردنی مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆی دەبێ لەگەڵ ژنانی بێ حیجاب لە شەقامەکانی تاران و لەگەڵ خانەنشینان و کرێکارانی مانگرتووی فووڵادی ئەهواز لە شەقامەکانی ئەهواز بەشەڕ بێت. قەیرانی سەرمایەداری ئێرانیش بەجۆرێک ئابووری کۆماری ئیسلامی زەمینگیر کردووە کە لەگەڵ بەرزەفڕییە ناوچەیەکانی ڕژیم یەکناگرێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە کوتانی تەپڵی نابوودی ئیسرائیل و بە درێژەی دەستتێوەردانی نیزامی لە ناوەندە قەیرانناوییەکانی ناوچەکە و بە شانۆی تەرم گێڕانی فەرماندە کوژراوەکانی سپا ناتوانێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ڕاپەڕیو بخاتە پەراوێزەوە. بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، بزووتنەوەی نان و کار و ئازادی ڕیشەیان لە واقیعیەتە مادییەکان دایە. سکی برسی، سفرەی بەتاڵ و گەرووی تینووی ئازادی هەموو ڕۆژێ ئەم پێویستییەی ژیان بەدەنگی بەرز دەڵێنەوە.

***

# شکستی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و کودەتای هەڵبژاردن لە شاری وان

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی مانگی خاکەلێوە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە سەرتاسەری تورکییە بەڕێوەچوو. لەم هەڵبژاردنەدا نزیکەی ٦١ ملیۆن کەسی خاوەن مەرجی دەنگیان داوە و ڕێژەی بەشداریکردن زیاتر لە ٧٧% ڕاگەیەندراوە. لەم هەڵبژاردنەدا، بە پێچەوانەی زۆرێک لە ڕاپرسییەکان، پارتی داد و گەشەپێدان "ئاکەپە" بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان بەرامبەر بە پارتی کۆماریخوازی گەلی تورکییە "جەهەپە"، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبوڵ، ئانکارا، ئیزمیر، بورسا کە شاری سەرەکین بۆ ئابووری و گەشتیاری تورکییە، تووشی شکستێکی گەورە بوو. بە گوتەی زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانە بۆ ئەردۆغان لەوە خراپتر بوو کە بیریان لێدەکردەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی یەکشەممەدا، پارتی "داد و گەشەپێدان" جگە لە ئیستەنبوڵ و ئانکارا، بەرامبەر بە پارتی "کۆماریخوازی گەل"، پۆستی سەرۆکی شارەوانی ١٩ شاری دیکەی لەدەستدا. جگە لەوەش لە شارەکانی کوردستانی تورکییە، "ئاک پارتی" لە بەرامبەر پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل "پارتی دەم " تووشی شکستێکی قورس بوو. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە "پارتی دەم" لە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی حکوومەتە و کاریگەری جەماوەری لە شارەکانی کوردستانی تورکییە هەیە. "پارتی دەم" دوای ئەوەی حکوومەتی ئەردۆغان هەڵوەشاندنەوەی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە"ی ڕاگەیاند، پێکهات.

ئەردۆغان کە ڕۆژی یەکشەممە خۆی بەرپرسی هیدایەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بوو، ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنەی بە خاڵی وەرچەرخان ناوبرد و لە میانی وتارێکی درێژخایەندا لە بارەگای پارتی "داد و گەشەپێدان" شکستی پارتەکەی لە هەڵبژاردنی سەرتاسەری قبوڵ کرد. گوتیشی: "ئەنجامی هەڵبژاردن قبوڵ دەکەین، ڕێز لە ئیرادەی میللەت دەگرین و نابینە بەربەست". شکستی ئەردۆغان لە کاتێکدا بوو کە دە مانگ پێشتر لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تورکییە بەرامبەر بە ڕکابەرەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو و لەسەر بنەمای ئەوەش بەڵێنی دابوو کە سەرۆکایەتی شارەوانی ئیستەنبوڵ و ئانکارا بۆ کاندیدەکانی پارتەکەی بەدەستبهێنێت. بەڵام دوای ژماردنی دەنگەکان دەرکەوت کە "موراد کوروم" کاندیدی حیزبەکەی بە جیاوازیی یەک ملیۆن دەنگ بەرامبەر بە "ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو" کاندیدی "جەهەپە" شکستیهێناوە. شکستی پارتی "داد و گەشەپێدان"ی ئەردۆغان لەم هەڵبژاردنەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قەیرانە ئابوورییە قووڵەی کە لە ساڵی ٢٠١٨ەوە بەردەوام توندتر بووەتەوە، زۆر ئاسایی بوو. لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا بەهای لیرەی تورکی بە ڕێژەی ٨٠% دابەزیوە و بووەتە یەکێک لە بێ ئیعتبارترین دراوەکان و بێکاری پەرەی سەندووە و توانای کڕینی خەڵک یەکجار کەم بووەتەوە. ئابووری تورکییە لەگەڵ هەڵاوسانی قورسی ٧٠%ی، ژیان و گوزەرانی کرێکاران و چین و توێژە هەژارەکانی دیکەی کۆمەڵگای ڕووبەڕووی هەژاری و برسێتی کردووەتەوە. لە حاڵێکدا کە ئەردۆغان ساڵەها بەپێچەوانەی بنەماکانی بانکداری نیزامی سەرمایەداری، ژێستی دژایەتی ئیسلامی لەگەڵ بەهرەی بانکی دەگرت، لەئێستادا بەهرەی بانکی لە تورکییە گەیشتووەتە ٥٠ لەسەد. سیاسەتە ئابوورییەکانی حکوومەتی ئەردۆغان کە هەمان سیاسەتی نیولیبراڵانەی




سیستەمی سەرمایەدارییە، نارەزایی زۆری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی لێکەوتووەتەوە. بەڵێنە بێ بنەماکانی ئەردۆغان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ساڵی ڕابردوو واتە بووژاندنەوە و باشتر کردنی بواری ئابووری، نەک هەر بەدی نەهاتووە، بەڵکوو بارودۆخی ژیانی کرێکاران و جەماوەری تورکییەی خراپتر و قەیراناویتر لە ساڵی ڕابردوو کردووە. ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو کاندیدی "جەهەپە"، حیزبی ڕەقیبی ئەردۆغان، لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا ئەردۆغانی بەوە تۆمەتبار کرد کە "یاسا ئابوورییەکان بەپێچەوانە بەڕێوەدەبات". ئەو بە تیشک خستنە سەر قەیرانی ئابووری، دروشمی "ئەم وڵاتە شایەنی هەژاری نییە"ی وتەوە و کردی بە دروشمی سەرەکی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆی. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە سیاسەتی ئابووری ڕکابەری ئەردۆغان "پارتی کۆماریخوازی گەل" هیچی تر نییە جگە لە سیاسەتی ئێستای ئەردۆغان کە بریتییە لە پەیڕەوکردنی سیستەمی سەرمایەداری نیولیبراڵ و بێگومان ئەم حیزبەش ناتوانێ ئابووری تورکییە لە قەیران دەرباز بکات.

بەڵام ئەم شکستەی ئەردۆغان تەنیا بەرامبەر بە "جەهەپە" نەبوو، بەڵکوو لە کوردستانی تورکییەش کاندیدەکانی "ئاک پارتی" بە جیاوازییەکی زۆر لە بەرامبەر کاندیدەکانی "پارتی دەم" شکستیان هێنا.

«ئۆرن بالتا»، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئیستەنبوڵ، دەنگی خەڵکی کوردی بە هۆکارێکی دیکەی شکستی ئەردۆغان لە ئەستەنبوڵ و لە شارەکانی کوردستانی تورکییە زانی. واتە ئەو دەنگانەی کە خەڵکی کورد لە ئیستانبوڵ بە ئەکرەم ئیمام ئوغڵو و لە شارەکانی کوردستان بە کاندیدەکانی حیزبی یەکسانی و دیموکراسی گەل "پارتی دەم"یان دا. بە گوتەی "بالتا" ئەمە بڕیارێکی حیسابکراو و دروستی "پارتی دەم" بوو لە ئەستەنبوڵ. چونکە ئەردۆغان بە گرووپی تیرۆریستی ناویان دەبات، بەڵام ئیمامئۆغڵو لە ئێستادا کوردەکان بە هاووڵاتی تورکییە ناو دەبات. شایانی باسە کە ئەردۆغان لە وتاری شکستە سەرشۆڕانەکەیدا، بۆ پاساوی شکستی



کاندیدەکانی حیزبەکەی لە دە پارێزگای کوردستان لەوانە دیاربەکر، ماردین، سیرت، حەکاری، وان و شێرناخ، ئەم بۆچوونە شۆڤنیستییەی وەک خاڵێکی بەهێز دووپات کردەوە و وتی: "ئێمە لە چالاکییە نیزامییەکانمان لەدژی تیرۆریستەکان بەردەوام دەبین".

دوو ڕۆژ دوای هەڵبژاردنەکان، دەوڵەتی ئەردۆغان بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەتی، لەڕێگەی حوکمی دادگایەکی فەرمایشییەوە سەلاحیەتی کاندیدی براوەی "پارتی دەم"ی لە شاری وان ڕەت کردەوە و حوکمی پۆستی شارەوانی وانی بەناوی کاندیدی حیزبەکەی خۆی دەرکرد. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کاندیدی "پارتی دەم" زیاتر لە ٥٥%ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو و کاندیدی پارتەکەی ئەردۆغانی بە ١٥.٢٧لەسەدی دەنگەکان شکست دابوو. لە هەوڵێکی هاوشێوەدا لە شاری "شاتلی ئۆرفا"ش، دەوڵەت ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی قبوڵ نەکرد. وە لە شاری شێرناخیش بەهۆی موهەندسی کردنی هەڵبژاردن لەلایەن حکوومەتەوە، خەڵکی ناڕازی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان تێکهەڵچوون. ئەم کردەوەیەی دەسەڵاتی ئەردۆغان کە نموونەیەکی ڕوونی هەڵوێستی درۆزنانە و شوڤنیستیی ئەوە، لە کاتێکدا ڕوودەدات کە دوو شەو پێشتر ئیدیعای ڕێزگرتن لە دەنگ و ئیرادەی میللەت و بەرگریکردن لە دیموکراسی کردبوو. پێویستە بوترێ کە لە دەورەکانی پێشووشدا دەوڵەتی ئەردۆغان هەر بەم هەڵوێستە و بە بیانووی ناڕاستی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ "پەکەکە" بۆ زۆرێک لە شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان دۆسیەی ئەمنی پێکهێنا و ئەوانی لەسەر کار لابرد و ڕەوانەی زیندانی کردن و کەسانی دیکەی نزیک لە خۆی لەژێرناوی "قەییووم" کردە جێنشینی ئەوان. دانانی کەسانی سەربە حکوومەت لە وان بەرەوڕووی ناڕەزایەتی بەرینی خەڵک بووەوە و هەزاران ژن و پیاوانی ئازادیخواز بە دروشمی "لە وان کودەتا کراوە" و "ژن، ژیان، ئازادی" ڕژانە سەر شەقامەکان. هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ خەڵک تووشی تێکهەڵچوون بوون و عەبدوڵڵا زیدان سەرۆکی هەڵبژێردراوی شاری وانیان دەستگیرکرد. هەروەها خەڵکی بازاڕیش لە ناڕەزایەتی بە ئەم کردەوەیەی دەوڵەت دووکانەکانیان داخست و فەزای شار نیزامی و ئەمنیەتی بوو. ڕێبەرانی حیزبی "جەهەپە"ش بە پشتیوانی لە "پارتی دەم" ئەم کردەوەیەی دەوڵەتیان یاریکردن بە ئاگر وەسف کرد و ڕایانگەیاند کە ئەم کارە دژی خواست و ئیرادەی خەڵکی شاری وانە و بۆ پارێزراوبوونی سندووقەکانی دەنگدان چەند هەیئەتێک ڕەوانە شاری وان دەکەن و داوایان لە ئەردۆغان کرد کە ڕێز لە دەنگی خەڵک بگرێت. بەڵام بێگومان چاوەڕوانی ڕێزگرتن لە ئازادی و مافی دیموکراتیکی خەڵک لە سرووشتی ئەردۆغان و باقی ڕێبەرانی پارتە بورژواییەکاندا ناگونجێت و چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووریش لەڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە نایەتە دی. بەڵام دەکرێ بڵێین کە شکستی قورسی ئەردۆغان لەم ئینتخاباتە دەتوانێ نیشانەی داکشان و لاوازبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە تورکییە بێت.

ئەزموونی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەتوانێ ئەم وانەیە بۆ چینی کرێکاری تورکییە و جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەی ئەم کۆمەڵگایە لەخۆ بگرێت کە بە بشت بەستن بە دیموکراسی بۆرژوازی و بە هیواداربوون بە گواستنەوەی دەسەڵات لە دەستی حیزبی فاشیستی ئەردۆغان بۆ حیزبی ناسیۆنالیست سێکۆلاری جەهەپە و پشتیوانی کردن لە باڵێکی بورژوازی دژبە باڵێکی دیکە، ناتوانێ نیزامی هار و زاڵمانەی سەرمایەداری لە هێرش بردنەسەر چارەنووسی کۆمەڵگا پاشگەز بکات. ئەم ئەزموونە بۆ چینی کرێکار و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانیش هەڵگری ئەم دەرسەیە کە بە ئومێد بەستن بە کۆماریخوازانی لائیک و سێکۆلار ناتوانن کۆتایی بە فاشیسمی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانی ئێران و کۆتایی بە هەژاری و نەهامەتییەکانی نیزامی سەرمایەداری بێنن. چینی کرێکاری تورکییە تەنیا بە خۆسازماندان لەناو ڕێکخراوەی جەماوەری و چینایەتی و حیزبی کۆمۆنیستی خۆی و بە پەیوەنددانی خەبات بۆ وەدیهێنانی خواستی دەستبەجێ لەگەڵ خەبات بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و بە ڕاکێشانی پشتیوانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێ بەرەنگاری هێرشی دەوڵەتی بۆرژواکان بۆسەر ژیان و گوزەرانیان بێتەوە.

❊❊❊

## دانپێدانان بە داماوی لە پەیامی نەورۆزی سەرانی ڕژیمی ئیسلامیدا

لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی ١٤٠٣دا عەلی خامنەیی لە وتارێکدا باسی لەوە کرد کە هیچ بەرنامە و ڕێگاچارەیەکی نییە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانە بەرین و ڕیشەدارەی کە ساڵەهایە ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی بەرەوڕووی هەژاری و نەهامەتی کردووە. ئەو لە گاڵتەجاڕی ناولێنانی ساڵدا، ئەمساڵی وەک ڕێکار بۆ چوونەدەر لە قەیرانی ئابووری دیاریکرد و وتی: "ئەمساڵ ساڵی جووڵەی بەرهەمهێنان بە بەشداری خەڵک" ناو لێدەنێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە هیچ کام لەو ئامانجانەی کە خامنەیی بۆ ساڵانی




پێشوو دیاری کردبوو وەدینەهاتوون و بارودۆخی ئابووری ئێران ساڵ بە ساڵ خراپتر لە ڕابردوو بووە. خامنەیی خۆی لە گێلی دا و قەیرانی قووڵی ئابووریی حکوومەتی "خاڵی لاواز لە بواری ئابووری" وەسف کرد و وتی: "کلیلی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتی ئابووری لەوانە تەوەرۆم، کار و بەهای پارەی نەتەوەیی، پرسی بەرهەمهێنانە".

خامنەیی لە بەشێکی تر لە قسەکانیدا وێڕای تەئیدی درۆودەلەسەکانی ڕەئیسی سەبارەت بە گەشەی ئابووری و هاتنەخواری تەوەرۆم و خەتابارکردنی دەوڵەتەکانی پێشوو، دەستیکرد بە پاساوکردنی شکست و بێتوانایی دەوڵەتی ڕەئیسی و وتی: "کاری ئەنجامدراو لەبواری کۆنتڕۆڵکردنی تەوەرۆم و گەشەی بەرهەمهێنان لەماوەی ساڵی ڕابردوودا باش بووە بەڵام دڵخواز نەبووە. هەڵبەت نابێ چاوەڕوانی ئەوەش بین کە بابەتێکی لەو ئاستەدا گرینگ بە ساڵێک بەتەواوی بێتە دی. چونکە دەوڵەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەهۆکاری کۆمەڵێک سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن". فریوکاری خامنەیی لە ناولێنانی ئەمساڵ بەناوی "جووڵەی بەرهەمهێنان" و پاساوکردنی شکستی دەوڵەتی ڕەئیسی لە هەموو بوارەکان و بەتایبەت لە بواری ئابووری لە کاتێکدایە کە ساڵەهایە زۆربەی کارخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە ئێران یان لە کار کەوتوون و بەتەواوی داخراون و یان بە کەمترین تواناوە خەریکی بەرهەمهێنانن. بەڵام خامنەیی باش دەزانێت کە کێشەی سەرەکی حکوومەتی ئیسلامی بنبەست و بێتواناییە لە چارەسەکردنی ئەو قەیرانە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ساڵەهایە لەگەڵیان بەرەوڕووە. ئەو قەیرانانەی کە پێکهاتەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ئیداری

ڕژێم پەرەیان پێداوە، ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی بەرەو هەژاری و فەلاکەت بردووە، بە ناو و دروشمی بێبنەما چارەسەر نابن.

ئیبراهیمی ڕەئیسیش لە پەیامی نەورۆزیدا، بێشەرمانە دەستیکرد بە پێداهەڵکوتن و تاریفکردن لە دەوڵەتەکەی لەبواری پێشکەوتن، گەشەی ئابووری و هێنانەخواری ڕێژەی تەوەرۆم. ئەو وتی: "لە سەرەتای ئەم دەوڵەتەوە هێندێک کەس ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە تەوەرۆم دەبێتە سێ ڕەقەمی. بەڵام ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە تەوەرۆم کەوتووەتە مەسیری نزوولییەوە". درۆودەلەسەی خامنەیی و ڕەئیسی سەبارەت بە گەشەی بەرهەمهێنان و هێنانەخواری ڕێژەی تەوەرۆم لەکاتێکدایە کە هەم ناوەندی ئاماری ڕژێم و هەم



ناوەندە ماڵییەکانی جیهان پێچەوانەکەیان نیشان داوە. ناوەندی ئاماری ئێران چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕایگەیاند کە گەشەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لە ئێران لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە لەبواری سەنعەت و مەعدەن، کەشاوەرزی، دابینکردنی ئاو و بەرق و گاز نەتەنیا هیچ پێشکەوتنێکی نەبووە بەڵکوو لەژێر سفر و لە مەنفیشدا بووە. بانکی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی پارە، گەشەی ئابووریی کۆماری ئیسلامییان لە ساڵی ١٤٠٢دا ڕوو لە دابەزین هەڵسەنگاندبوو. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا خۆیان شایەدی ئەوەن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارتر و سفرەکانیان بەتاڵتر دەبێت. بارودۆخی نالەباری ئابووری لە حاڵێکدایە کە پاییزی ساڵی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی لە سازش لەگەڵ ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری، توانی ڕێژەی فرۆشی نەوت لەچاو ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی ٢٢ لەسەد زیاد بکات و ئەوەش بە حیسابی پێشکەوتنی ئابووری و گەشەی بەرهەمهێنان پێناسە بکات. "ئۆپێک" ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوتیش ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی کۆماری ئیسلامی لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا ڕۆژانە ٣ ملیۆن و ١٦٠ هەزار بەرمیل بەراورد کردووە.

بەڵام کوا ئەو داهاتە بەرینانەی کە لە فرۆشتنی نەوتەوە بەدەست هاتوون؟ بۆچی سەرەڕای ئەم داهاتە زۆرانە، ڕژێمی ئیسلامی بۆ دابینکردنی کەسری بوودجە چاوی تەماعی لە گیرفان و سفرەی کرێکاران بڕیوە و لە بوودجەی ساڵی ١٤٠٣دا بردنەسەری ٦٩ لەسەدی ماڵیاتی گونجاندووە؟

بۆچی ژیان و گوزەرانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەو ماوەیەدا خراپتر بووە؟ بۆچی لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران سێ بەرابەر لەژێر هێڵی هەژاریدا دیاری کراوە؟ بۆچی هیچ باسێک لە پێکهێنانی هەلی کار بۆ لاوان ناکرێت؟ بۆچی بە ئیعترافی خودی ڕژێم ڕێژەی تەوەرۆم گەیشتووەتە ٥٤ لەسەد؟ بۆچی توانای کڕینی خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بۆ جەماوەری خەڵک ڕوونە. ئەوان ڕۆژانە لە دزی و ئیختلاسی دەیان و سەدان هەزار ملیارد تمەنی سەران و بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامی ئاگادار دەبنەوە. تەنیا لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا لەئاکامی ناکۆکییەکانی ناو حکوومەت، پەروەندەی گەندەڵیی ماڵی و دزی گەورەی جێگری یەکەمی دەزگای قەزایی و کازم سەدیقی ئیمامی جومعەی تاران ئاشکرا بووە. هەواڵی چوونەسەری یەکجار زۆری بوودجەی نیزامی دامودەزگای سەرکوتی ئەمنیەتی و نیزامی دەبیستن. لەکاتێکدا کە لە بوودجەی ئەمساڵیشدا بوودجەیەک بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لەبەرچاو نەگیراوە، لە چوونەسەری هەزینەی کەڵانی سیاسەتە ناوچەییەکانی ڕژێم لە کۆمەکی بێدەریغ بە ڕەوتە تیرۆریست و کۆنەپەرستەکانی سەربەم دەسەڵاتە، لەژێرناوی "میحوەری موقاوەمەت"، ئاگادارن. هەر بەم دەلیلە لە ڕوانگەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە گشت حکوومەتی ئیسلامی بەرپرسی قەیران و ئەو بارودۆخە کارەساتبارەیە کە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەسەریاندا سەپاندووە.

هەر بەو هۆیەشەوە، لە گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە، جەماوەری خەڵک وەڵامی درۆ و فریوەکانی خامنەیی و سەرکردەکانی دیکەی ڕژێمیان دایەوە و نیشانیان دا کە ئەوان کۆماری ئیسلامییان ناوێت و خوازیاری ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتەن. بێگومان ئەمە تەنیا بەشێکی بچووک بوو لە کاردانەوەی خەڵک بەرامبەر بە نیزامی ئیسلامی. بە پێچەوانەی مەوعیزەکانی خامنەیی لە پەیامی نەورۆزی ئەمساڵدا، کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگا لە ماوەی ٤٥ساڵی ڕابردوودا هیچ هەواڵێکی خۆش و شیرینیان لە کۆماری ئیسلامیەوە نەبیستووە. ئەوەی بینیویانە و ئەزموونیان کردووە، هەواڵ و کردەوەی تاڵ و دڵتەزێن، هەواڵی هەژاری و برسێتی، هەواڵی شەڕ و کوشتار، هەواڵی لەسێدارەدان، سەرکوتکردن، زیندان و ئەشکەنجە بووە. هەربۆیە کرێکاران و جەماوەری نارازیی ئێران ڕێگای ڕزگاربوون لەم بارودۆخە کارەساتبارە لە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی گەندەڵی ئیسلامی و سەرمایەداریی ئێراندا دەبینن.

***

## حەقدەستی کرێکاران چۆن دیاری دەکرێت؟


حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بە دیاریکردنی حەقدەستی چەند بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری بۆ جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر سفرەی بەتاڵی بنەماڵە کرێکارییەکان. دوای چەندین هەفتە وتووێژی نمایشی لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەت، نوێنەرانی سەرمایەدارانی بەشی خسووسی و نوێنەرانی "ڕێکخراوە کرێکارییەکان"ی سەربە دەسەڵاتی ئیسلامی لە شۆرای باڵای کار، لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران لە ساڵی ١٤٠٣دا بە بردنەسەری ٥٣ لەسەد، بۆ ٧ ملیۆن و ١٦٦ هەزار تمەن زیاد کرا. حەقدەستی کرێکارانێک کە یاسای کار دەیانگرێتەوە بە حیسابکردنی بۆنی خاروبار، کۆمەک هەزینەی مەسکەن و مەزایای دیکە، دەگاتە ١١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تمەن. دیاریکردنی ئەم ئاستە لە لانیکەمی حەقدەست لە حاڵێکدایە کە تەنانەت بانکی مەرکەزی ڕژێم ڕێژەی تەوەرومی ٤٢ لەسەدی ڕاگەیاندووە. لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەزینەی سەبەدی مەعیشەتی کرێکاران کە خەرجی خۆراک و پۆشاک و دەرمان تا کرێی ماڵ و خەرجی هاتوچۆ و ئاموزش و تەفریح و ... لەخۆ دەگرێت بەشێوەی بەرچاو زیادیان کردووە. چالاکانی پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکان بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازیی بەرینی لانیکەمی حەقدەستی دیاریکراو لەلایەن "شۆرای باڵای کار" لەگەڵ هەزینەی دابینکردنی سەبەدی مەعیشەتی



بنەماڵەیەکی کرێکاری و بەسەرەنجدان بە خەرجی مانگانەی ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکاری چوار کەسی ڕایانگەیاندووە کە حەقدەستی مانگانەی کرێکاران نابێ لە ٤٥ ملیۆن تمەن کەمتر بێت.

هەموو ئەم ئامار و ئەرقامە نیشانی دەدەن کە لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بۆ ئەمساڵ سێ تا چوار بەرابەر لە ژێر هێڵی هەژاریدا دیاری کراوە. بەڵام حەقدەست چییە و بۆچی حکوومەت و خاوەنکارانی کەرتی تایبەت بەردەوام هەوڵ دەدەن کەمی بکەنەوە؟ حەقدەست پارەیەکە کە خاوەنکار

ڕۆژانە، هەفتانە یان مانگانە دەیدا بە کرێکار تا کاری بۆ بکات. کرێکار ئەم پوولە دەکاتە خەرجی پۆشاک، خۆراک و کرێی ماڵ، تەندروستی و دەرمان، هەزینەی ئاو و بەرق و هاتوچۆ و سەیران و ئینتەرنێت و هیتر. واتە حەقدەست دەبێتە هەمان خەرجێک کە خاوەنکار ڕۆژانە یان مانگانە دەیدا بە کرێکار تا کرێکار لەم ماوەیەدا کاری بۆ بکات. واتە کرێکار کار دەکات، بەرهەم دێنێ و چینی سەرمایەدار هەموو بەهەمی کاری چینی کرێکار دەخاتە گیرفانیەوە و تەنیا بەشێکی کەم لە بەرهەمی کار بە شێوەی حەقدەست دەداتەوە کرێکاران. واتە حەقدەست بەشێکە لە بەرهەمی کاری کرێکاران کە دەدرێتەوە بە خۆیان، تا وەک چینێک درێژە



بە ژیان بدەن، زیندوو بمێنن و بەردەوام سەروەت بۆ چینی سەرمایەدار بەرهەم بێنن. ئەمە یەکێک لە یاسا بنەڕەتی و ئەساسییەکانی نیزامی سەرمایەدارییە. ئەم نیزامە، نیزامی کۆیلەتی مزدییە. واتە کرێکاران مەجبوورن بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەیان، بۆ دابینکردنی نان و پۆشاک و مەسکەن، پێیان بە ماشێن و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان کە لە ئیختیاری سەرمایەدار دایە، زنجیر بکەن.

بەڵام ئەو بەشەی کە بۆ بەقای کۆمەڵایەتی دەدرێتە کرێکاران، چەندەیە؟ و ئاستی حەقدەست چۆن دیاری دەکرێت؟ ئاستی حەقدەست بەپێی بارودۆخی ڕەقابەت و هێز و توانای ئەم دوو لایەنەیە. لێرەدا کرێکار خاوەنی کاڵایەکە کە هەمان هێزی کارەکەیەتی و ئەو کاڵایەی خۆی دەفرۆشێت. ئەوەیکە هێزی کاری کرێکار لە بەرامبەر چ حەقدەستێکدا دەکڕدرێت، بۆ دوو فاکتۆر دەگەڕێتەوە. یەکەم ئەوزاعی بازاڕ چۆنە، ئایا لە حاڵی ڕەونەق دایە یان ڕکوود، داواکاری بۆ هێزی کار زۆرە یان کەمە؟ دووهەم کە فاکتۆرێکی ئەساسیترە، ڕادەی یەکگرتوویی و توانای خۆڕاگری و خەباتی کرێکارانە. ئەوەیکە ئایا کرێکاران بەجۆرێک یەکیان گرتووە کە بتوانن بەرەنگاری سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان ببنەوە کە دەیانهەوێ کەمترین حەقدەستیان پێ بدەن یان نا؟ ئەگەر هەموو بارودۆخەکە باش بێت واتە هەم داواکاری بۆ هێزی کار زۆر بێت و هەم کرێکاران یەکگرتوو بن و توانای بەرەنگاربوونەوە و موقاومەتیان بێت، تازە ئەو کات کرێکاران شانسی ئەوەیان دەبێت کە حەقدەستێک وەرگرن کە ئیمکانی ئەوەیان پێ بدات لە چوارچێوەی ئەو ژیانەی کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بۆ کرێکاران پێناسە کراوە، هێزی کارەکەیان تازە بکەنەوە و لەئاستی بنەماڵەشدا کرێکارانی داهاتوو پەروەردە بکەن. لەم حاڵەتەدا کە باشترین حاڵەتی مومکینە حەقدەستی کرێکاران بەرابەری بەهای هێزی کارەکەیانە واتە بەرابەری ئەو ئامراز و پێداویستییانەی ژیانە کە بۆ کارکردن و بەقای نەسلیان پێویستیانە. بەهای هێزی کار، وەک هەر کاڵایەکی تر، لەسەر بنەمای ئەو کاتە کارە دیاری دەکرێت کە بۆ بەرهەمهێنانی پێویستە. واتە زەمانی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار هەمان ئەو ماوە زەمانییەیە کە بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی کرێکار زەروورییە.

بەڵام ئەم دوو هۆکارە، کە دەبوو بەهۆی ئەوەیکە کرێکار حەقدەستی بەرابەر لەگەڵ بەهای هێزی کارەکەی بەدەست بێنێ، لە دنیای واقعیدا بەردەوام لە نەوەساندایە و زۆرجار بەزیانی کرێکارانە. ئەوە زاتی سەرمایەدارییە کە لەگەڵ هەر دەورەیەکی ڕەونەق دەکەوێتە دەورەیەکی قەیران و ڕکوودەوە و لەگەڵ پەرەسەندنی بێکاری و هیتر ڕەقابەت لەنێوان کرێکاراندا زۆر دەبێت و هێزی موقاومەتی کرێکاران کەم دەبێتەوە. بەهۆی ئەم وەزعیەتە حەقدەستی کرێکار لە بەهای هێزی کارەکەی کەمتر دەبێتەوە، ئاستی حەقدەست دەڕواتە ژێر هێڵی هەژاری موتڵەق و کرێکار تەنانەت پێداویستیی تەڕ و تازە ڕاگرتنی هێزی کار و ئیدارەکردنی بنەماڵەی پێنادرێت و حەقدەستەکەی بەجۆرێک دێتە خوارێ کە بە زەحمەت بەشی زیندوو مانەوەی دەکات.

لەم هەرج و مەرجەی نیزامی سەرمایەداری، لەم هەرج و مەرجەی نیزامی کۆیلەتی مزدیدا کە هەموو شتێک گرێدراوە بە شەڕی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران، ئەوەیکە کرێکاران بتوانن تەنانەت بەهای هێزی کارەکەیان وەرگرن و پێداویستیەکانی ژیانێکی ئینسانی دابین بکەن، خۆی وزە و خەبات و تێکۆشانی بەرینی چینایەتی پێویستە. لەم جەنگە چینایەتییەدا، کرێکاران بەو ئەندازەیەی کە یەکگرتوو و هەمبەستە و ڕێکخراو دێننە مەیدان، دەتوانن بەرەنگاری چینی سەرمایەدار و دەوڵەتی پشتیوانیان ببنەوە و حەقدەستی گونجاو بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی بەسەر سەرمایەداراندا بسەپێنن. ئەوەیکە ئاستی حەقدەست چەندە دەبێت و ئەوەیکە ئایا کرێکاران بەڕاستی بەهای هێزی کاری خۆیان و بەرابەری دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی وەردەگرن، بەکردەوە و لە دنیای واقعیدا زیاتر لە هەموو شتێک بە هێزی چینی کرێکار و توانای خەباتی دژبە چینی سەرمایەدارەوە گرێدراوە.

ئەگەر لە ساڵی ڕابردوودا کرێکاران لە مەیدانی خەباتدا بۆ زیاکردنی حەقدەست، ڕیزبەندی پیشە، گەڕانەوە بۆسەر کاری هاوکارانی خۆیان، هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کاتی و هیتر هەوڵیان دەدا، ئەم ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییانە پێویستە یەکگرتووتر و سەرتاسەریتر درێژە بدەن. ئەگەر نامانهەوێ ژیان و هەستی کرێکاران لەناو بچێت، پێویستە خەبات بۆ بردنەسەری حەقدەست یەکگرتووتر و سەرتاسەریتر بکەین. ئەمە پێویستییەکی چینایەتییە.

***

# بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

## سەبارەت بە پەسندکردنی لانیکەمی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٣

## پەرەپێدانی هەژاریی بێسنوور بە زەبری یاسا و سەرکوتی سەرمایەداری

کۆڕی پارێزەرانی نیزامی سەرمایەداری لەژێرناوی "شۆرای باڵای کار" دوای چەندین ڕۆژ هەراووهەنگەمەی قیزەون و بێشەرمانە، ئاکامی شانۆکەی خۆی لەژێرناوی دیاریکردنی بڕی حەقدەستی ساڵی ١٤٠٣ ڕاگەیاند. بەلەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی ئەم بەناو شۆرایە کە لە نوێنەرانی دەوڵەت، نوێنەرانی خاوەنکار و لە تاقمێکی دەستسازی دەوڵەت بەناوی نوێنەرانی کرێکاران پێکهاتووە، هیچ هیوایەک بەوە نەبوو کە ئاکامی ئەم نمایشە بێهوودەیە هیچ شتێکی ئەرێنیی بۆ کرێکاران لێبکەوێتەوە. ئاکامی ئەم سات و سەودایە کە لە نێوان دەوڵەت و خاوەنکاراندا بوو هەر لە پێشترەوە مەعلووم بوو: پەرپێدانی هەژاری موتڵەق لەناو کرێکاران و لەئاستی کۆمەڵگا بەقازانجی سەرمایەداران، قودرەتنەمایی لە بەرابەر کرێکاران و پەرەپێدانی فەرهەنگی "بسووتێ و بسازێ" لەلایەن ناوەندە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی کە بەرپرسی دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەست و داکۆکیکاری بەرژوەندی دەوڵەت و خاوەنکارن.




بەپێی بڕیاری شۆرای باڵای کار، لانیکەمی حەقدەستی پایە بۆ ساڵی ١٤٠٢ کە بڕی پێنج ملیۆن و سێ سەد هەزار تمەن لە مانگێکدا بوو گەیشتووەتە کەمتر لە حەوت ملیۆن دوو سەد هەزار تمەن لە مانگێکدا، کە ئەمەش بەمانای زیادبوونی نزیکەی ٥٣ لەسەدە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەپێی زۆربەی پێشبینییەکان، لەوانە پێشبینیی هەندێک لە ناوەندە ڕەسمییەکان، ڕێژەی تەوەرۆم لە ساڵی ١٤٠٣دا زۆر زیاتر لە ٥٣ لەسەد دەبێت. بەواتایەکی تر توانای کڕینی کرێکار کە حقوقەکەی بەرابەرە لەگەڵ لانیکەمی حەقدەستی پایە، لە ساڵی داهاتوودا لەچاو ئەمساڵ کەمتر دەبێتەوە. تەنانەت ئەگەر مەزایای پەیوەندیدار بە حەقی مەسکەن، خاروبار، حەقی ئەولاد، حەقی تەئەهول و حەقی سەنەواتیش لەبەرچاو بگرین، داهاتی کرێکارێک بە دوو منداڵەوە کە لە ساڵی ١٤٠٢دا بەرابەر بوو لەگەڵ نزیکەی هەشت ملیۆن و سێسەد

هەزار تمەن، لە ساڵی ۱۴۰۳ دەگاتە ۱۱ ملیۆن و شەش سەد هەزار تمەن. بەڵام ئەم حقووقە مانگانەیە چ لە ساڵی ۱۴۰۲ و چ لە ساڵی ۱۴۰۳دا بە زەحمەت بەشی دابینکردنی خەرجی هەفتەیەکی بنەماڵەیەکی چوار کەسی دەکات. ئاشکرایە کە ئەم حەقدەستانە تەنانەت حەقدەستی کرێکارانێک کە زیاتر لە لانیکەمی حەقدەستیش دیاری کراوە، گۆشەیەک لە هەزینەکانی جەماوەری کرێکار ناگرێت. سەرمایەدارانی چەوسێنەر و سەردەمدارانی گەندەڵ و تاڵانکەر کە شەللاقەکانی ستەمی سەرمایەداری بەنیشانەی حیکمەتی ئیلاهی دەزانن، بێجگەلە پەرەپێدانی هەژاری و چکۆلەتر کردنەوەی سفرەی کرێکاران هیچ نەقشێکیان نییە. ئەمانە چۆن دەتوانن بیر لە بردنەسەری ئاستی ڕاستەقینەی حەقدەستەکان و بیر لە بردنەسەری ئاستی خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی بکەنەوە. کەسانێک سەربەخۆکانی کرێکاری و بە خەباتی بەردەوامی کرێکارانەوە گرێدراوە. کەوابوو کێشەی حەقدەستی کرێکاران نە بە کۆبوونەوەکانی شۆرای باڵا و نە بە واژۆکردن یان نەکردنی بەناو نوێنەرانی کرێکاران چارەسەر نابێت.

مەسەلەی حەقدەست تا ئەو کاتەی سیستەمی سەرمایەداری حوکمڕانی کۆمەڵگا بکات، یەکێک لە پرسە سەرەکی و ئازاربەخشەکانی جەماوەری کرێکاران دەبێت. لەم ڕووەوە کرێکارانی هوشیار و داهاتووبین نەتەنیا پێویستە بۆ بردنەسەری حەقدەست و باقی خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کرێکاران خەبات بکەن بەڵکوو دەبێ بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی کرێکاران چ لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و چ لە بواری سیاسی و فەرهەنگیدا دژبە نزامی چەوسێنەر و ستەمگەری سەرمایەداری و پشتوانانی




کە لە شۆرای باڵای کاردا بەشدارن، نوێنەری سەرمایەداران و دەسەڵاتێکن کە ٤٥ ساڵە لەڕێگەی چەوساندنەوە و سەرکوتی کرێکاران هەژاری و نابەرابەرییان پەرەپێداوە و بە دەسەڵات و سەروەت و ژیانێکی ئاسوودە گەیشتوون. ئەوان ئاگاداری ئامارەکانن و بە ڕوونی هەژاری دەبینن. بەڵام هەژاری و سەختی زۆرینەی کۆمەڵگا و بێماف کردنیان مەرجی بنەڕەتی کەڵەکەبوونی سەرمایە و سامان و قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسییە.

لە ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندانداندا بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە و بە پشتبەستن بە داتای ئاماری، ڕامانگەیاند کە کەمترین حەقدەست لە ساڵی ۱۴۰۳دا نابێت لە ٤٥ ملیۆن تمەن کەمتر بێت. ئەم بڕە پارەیە یەکسانە بە تێچووی ژیانی ماڵێکی شارستانی مامناوەند لە ساڵی داهاتوودا و بانگەوازی هەموو کرێکاران دەکەین بۆ پشتگیریکردنی ئەم بڕە پارەیە. بەو پێیەی کە بردنەسەری حەقدەست پەیوەندی پێچەوانەی لەگەڵ قازانجی سەرمایەداران و دەسەڵات و سەروەتی حاکمان هەیە، دڵنیاین کە دەوڵەت و خاوەنکاران لە بەرابەر خواستی کرێکاران بۆ بردنەسەری بڕی حەقدەست و دیاریکردنی بنەمایەکی دروست بۆ لانیکەمی حەقدەست بەهەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێ موقاوەمەت دەکەن. بە باوەڕی ئێمە دەربڕینی ڕاستییەکانی ژیانی چینی کرێکار ئەرکی هەموو کەسێکی زانا و هەموو ڕێکخراوێکی پێشەنگی کرێکارییە. دابینکردنی خواستی زیادکردنی حەقدەست بە دامەزراندنی ڕێکخراوە ڕەنگاوڕەنگیان دەست بدەنە خەباتێکی ڕێکخراو و ئامانجدار و بەرنامەڕێژیکراو و پشتیوانی جەماوەری زەحمەتکێش بەرەو ئەم خەباتە بەشێوەیەکی بەرین ڕاکێشن. تەنیا لەم ڕێگەوە کرێکاران دەتوانن هەم خواستی دەستبەجێ و هەم خواستی درێژماوەی خۆیان و زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن. خەبات بۆ زیادکردنی بڕی حەقدەست و باقی خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە خەبات بۆ ئازادی و دابینکردنی ماف و خواستی جەماوەری زەحمەتکێش جیا نییە و تێکۆشانی لێبڕاوانە لەپێناو بەرژەوەندی کرێکاران لە هەر کام لە بوارانەدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرکەوتنی خەبات لە بوارەکانی دیکەدا.

سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە

گرووپی ئیتحادی خانەنشینان

کۆمیتەی هاوئاهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان

کرێکارانی خانەنشینی خووزستان

***

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان:

## مسەوەبەی حەقدەستی ساڵی ۱۴۰۳، پەرەپێدانی هێرشی سەرمایەداران بۆسەر سفرەی بەتاڵی کرێکارانە!

ناوەندی دەوڵەتی – خاوەنکاریی "شۆرای باڵای کار" لە دوایین ڕۆژی مانگی ڕەشەممەی ۱۴۰۲دا مسەوەبەی زیادکردنی۳۵ لەسەدی حەقدەستی پایەی بۆ ساڵی ۱۴۰۳ ڕاگەیاند. ئەم ڕادەیە لە زیادکردنی حەقدەست تەنانەت لەگەڵ ڕێژەی تەوەرۆمی ساختەی بانکی مەرکەزیش یەک ناگرێتەوە و هەزینەی واقیعی ژیان لەگەڵ حەقدەستی پایەی حەوت ملیۆنی فاسلەی یەکجار زۆرە. خەرجی دابینکردنی ژیانێکی لانیکەم لە شارە گەورەکان باڵای سی ملیۆن تمەنە و لە شارە چکۆلەکان بە کەمتر لە بیست و پێنج ملیۆن تمەن مەقدوور نییە. هەروەها شۆکی ئابووریی خامۆش و پلیکانی لەوانە گرانیی نان و بەرق و ئیحتمالەن بێنزین لە ساڵی تازەدا، هاتنەخواری بەهای ڕیاڵ و پەرداختی هەزینەکان بە دۆلار، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ توانای کڕینی کرێکاران بەردەوام دێنێتە خوارێ و ڕێژەی یەکجار کەمی ئیزافەکراو بە حەقدەستەکان لە هەمان مانگی یەکەمدا بەهۆی تەوەرۆمەوە تەواو دەبێت.

مەسەلەکە لەسەر نەبوونی زانیاری و تێگەیشتنی حکوومەت و سەرمایەداران نییە سەبارەت بە تێچوو و هێڵی هەژاری و ڕێژەی تەوەرۆم و ئاستی نەهامەتی و گرانی و برسێتی خەڵک. سیاسەتی بۆرژوازی ئێران بریتییە لە هەرزانکردنی هێزی کار و درێژەدان بە هێرشکردنە سەر سفرەی چینی کرێکار بە ئامانجی زیادکردنی پشکی سەرمایەدار لە سەروەت و سامانی بەرهەمهێنراو و زیادکردنی قازانجی سەرمایە. بۆ ئەمەش بەهای هێزی کاری کرێکار و حەقدەست و یارمەتییە پەیوەندیدارەکان و بەگشتی ئاستی ژیانی کرێکاران پێویستە بێتە خوارێ. ئەوەش یانی زیندوو ڕاگرتن و بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار بە هەرزانترین شێوەی مومکین. هەروەها کرێکاران بەهۆی قەدەغەکرانی ڕێکخراو و سازمانی جەماوەری و حیزبیی خۆیان لە پرۆسەی دیاریکردنی حەقدەستدا نوێنەرایەتی ناکرێن و کەمترین ڕۆڵیان لە دیاریکردنی حەقدەستدا نەبووە. هەربۆیە پەسندکراوەکانی ناوەندی دژەکرێکاریی "شۆرای باڵای کار" بۆ کرێکاران هیچ ئیعتبارێکی نەبووە و نییە. لەو نێوەدا ئەگەرچی لایەنی سێهەمی شۆرای باڵا، واتە "نوێنەرانی کرێکاران" پەسندکراوەکەیان واژۆ نەکرد، بەڵام ئەم کەسانە نەک "نوێنەر"ی کرێکار، بەڵکوو خزمەتکار و لایەنگری خاوەنکار و دەوڵەتن لەناو کرێکاراندا. تەنانەت ئەگەر لەم شۆرایەدا نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکارانیش بەشدار بووایەن، بەخاتری ئەوەیکە میکانیسمی ئیجرایی "شۆرای باڵای کار" بەپێی سێ لایەنەگەراییە و پەسندکراوەکانی چ بە حەزووری نوێنەرانی واقیعیی کرێکاران و چ بە بێ حەزووری ئەوان، بە زۆرینەی دوو دەنگی نوێنەرانی دەوڵەت و خاوەنکار دەبێتە یاسا، لەم ڕووەوە نمایشی بەناو بوێریی نوێنەرانی ساختەی کرێکاران لە

ئیمزا نەکردنی ئەم مسەوەبەیە، تەنها بۆ دروستکردنی گومان و دوودڵییە لەناو کرێکاران و بۆ کۆنتڕۆڵکردنی حەرەکەت و ناڕەزایەتییەکانی داهاتوویانە. کرێکاران ئەساسەن ئەم ناوەند و پێکهاتە دژەکرێکارییە بەڕەسمی ناناسن.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، مسەوەبەی حەقدەستی سێ بەرابەر ژێر هێڵی هەژاری بە مەحکومکردنی کرێکاران بە ژیان لەسەر هێڵی مەرگ دەزانێت. بە دڵنیاییەوە کرێکاران بەرانبەر بەم زەرووە ئیسلامییانە بێدەنگ نابن و بە چڕکردنەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتن وەڵامی حکوومەتی سەرمایەداران دەدەنەوە. ئێمە نوێنەرانی ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی کرێکاران بەتاکە دەسەڵاتی کارامە و سەلاحیەتدار بۆ دیاریکردنی بڕی حەقدەست




دەزانین. چینی کرێکار بۆ قەرەبووکردنەوەی چەند دەیە داسەپاندنی هەژاری و حەقدەستی کەم و مەمرە و مەژی، بۆ تێکشکاندنی سیاسەتی پەرەپێدانی هەژاری لەلایەن دەوڵەت و خاوەنکاران، ناچارە بەر لە هەموو شتێک بە ناڕەزایەتی و مانگرتنی خۆی لەپێناو زیادکردنی حەقدەستەکاندا تێبکۆشێ و بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ بردنەسەری ئاستی حەقدەست بەپێی هێڵی خۆشبژێوی و دابینکردنی ژیانێکی گونجاو لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا ڕێک بخات. بە باوەڕی کرێکاران، کەمترین حەقدەست پێویستە لە سەرووی هێڵی هەژارییەوە بێت و پێداویستییەکانی ژیانێکی ئاسوودە و ئینسانی دابین بکات. لە ڕوانگەی کرێکارانەوە ئەم حەقدەستە پێویستە ببێتە بنەمای حقووقی کارمەندان و خانەنشینان و کرێکارانی کەرتی خزمەتگوزاری و کرێکارانی بێکار و بەشەکانی دیکە. بە واتایەکی تر لانیکەمی حەقدەست و حقووقی پایەی پێویست و گونجاو دەبێ بۆ هەمووان زەمانەت بکرێت.

شۆرای هاوکاری، لە کرێکارانی پێشەنگ و ڕابەرە کردارییەکان و تۆڕەکانی کرێکاری، لە کۆبوونەوە گشتییەکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران داواکارە کە نوێنەری خۆیان لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا دیاری بکەن و هەنگاوی کردەوەیی بۆ زیادکردنی حەقدەستی خوازراو بگرنەبەر.

پووچەڵکردنەوەی مسەوەبەی فەلاکەتباری حەقدەست، تەنها بە کردەوەی ڕاستەوخۆ و بە پەرەپێدانی ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران دەستەبەر دەبێت. لە نەبوونی ئەم چالاکییە سەربەخۆیەدا، حکوومەت و خاوەنکاران تەنانەت هەرئەم ئاستەی حەقدەست بە زۆربەی کرێکارانی ژێردەستەی یاسای کار نادەن و پرۆسەی چڕکردنەوەی هەژاری و ڕەقابەت و بێکاری و نائەمنی کرێکاران زیاتر پەرە دەستێنێت. کرێکاران ناچارن ڕاستەوخۆ و وەک لەنگەرێک بۆ ڕەفاهی گشتی بێنە مەیدان. لەم مەسیرەدا، جەماوەری ملیۆنیی کرێکار و زەحمەتکێشی شارەکان کە لەژێر باری هەژاری و گرانیی کەمەرشکێندان، پشتیوانی بزووتنەوەی زیادکردنی حەقدەست و حقووقی پایە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و بۆ بنەماڵەی گەورەی کرێکارانن. چونکە کرێکاران ژیانێکی شیاوی ئینسان بۆ هەمووان دەخوازن.

بڕووخێ ڕژێمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

٢١ی مارسی ٢٠٢٤ی زایینی

٢ی خاکەلێوەی١٤٠٣ی هەتاوی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلیەت

***

## بەیاننامەی ناوەندی نووسەرانی ئێران لە ناڕەزایەتی بە دەرکردنی حوکم دژبە چالاکانی مافی ژنان لە گیلان

لە هەواڵەکاندا هاتووە کە: "لقی ٣ی دادگای ئینقلابی ڕەشت زۆهرە دادرەس، چالاکی مافی ژنانی بە تۆمەتی پێکهێنانی گرووپی نایاسایی بە ٦ ساڵ و یەک ڕۆژ زیندان و بە تۆمەتی کۆبوونەوە و تەبانی بە مەبەستی تێکدانی ئەمنیەتی وڵات بە ٣ ساڵ و ٦ مانگ و یەک ڕۆژ زیندانی تەعزیری مەحکووم کردووە. هەروەها فرووغ سەمیعنیا، سارا جەهانی، مەتین یەزدانی، یاسەمین حەشدەری، شیوا شاهسیا، نگین ڕەزایی، زارا دادرەس و ئازادە چاوشیان بە تۆمەتی کۆبوونەوە و تەبانی، هەرکام بە ٣ ساڵ و ٦ مانگ و یەک ڕۆژ زیندان و بە تۆمەتی ئەندامیەتی لە گرووپی نایاسایی هەر کام بە ٢ ساڵ و ٧ مانگ و ١٦ ڕۆژ زیندانی تەعزیری مەحکووم کراون. ئەم دادگایە هەروەها جلوە جەواهری و هوومەن تاهری بە تۆمەتی پڕوپاگەندە بەدژی نیزام بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کردووە". واتە ئەم ١١ چالاکەی بزووتنەوەی ژنان سەرجەم بە زیاتر لە ٦٠ ساڵ زیندان مەحکووم کراون.

لە ئێران دەرکردنی ئەم جۆرە حوکمانە نە هیچ کەس سەرسام دەکات و نە هۆکارە بۆ ترس و دڵەڕاوکێ. وە ئەمەش نیشانەی سەرکوتی بێسنوورە. کۆمەڵگایەک کە دەیەی خوێناوی ٦٠ی هەتاوی تێپەڕاندووە و شایەدی ئەوە بووە کە چۆن ڕۆڵەکانیان، لاوان و تازەلاوانیان، تەنانەت بەخاتری خوێندنەوە یان ڕاگرتنی گۆڤارێک یان لایەنگری لە فلان ڕێکخراوی سیاسی ئێعدام کراون، شایەدی هێرشی خوێناوی حکوومەت تەنانەت بۆسەر ناڕەزایەتی سادە و هێمنانەی خەڵک بووە، کۆمەڵگایەک کە بە دەیان ساڵ بە چاوی خۆی بینیویەتی کە حوکمی هەزاران ساڵ زیندان بەسەر کۆمەڵی ڕەخنەگران و ناڕازییان



و نەیاراندا سەپاوە، وەها کۆمەڵگایەک باش دەزانێ کە ئەمە بابەتێکی تازە نییە و بەدرێژایی چل و چەند ساڵ تەمەنی ئەم دەسەڵاتە ئەم ڕەوتە بەردەوام درێژەی بووە. کەوابوو سەرسام بوون بەخاتری چی؟ کۆمەڵگا کاتێک سەرسام دەبێ کە ڕووداوێکی ئەزموون نەکردبێ و لەگەڵ ئاستی چاوەڕوانی خەڵک یەک نەگرێتەوە.

چاوەڕوانی خەڵک لە دەسەڵاتداران بەقەد واقیعیەت و سرووشتی سەرکوتگەرانەی ئەوانە. گۆڕانی چاوەڕوانییەکان بەشێکە لە گۆڕانی دەروونی کۆمەڵایەتی خەڵک، بۆیە موحاکمەی هاوشێوەی ئەوەیکە لەم دواییەدا لە گیلان ئەنجامدرا، کەس تووشی سەرسوڕمان ناکات. ئەگەر لەو نێوەدا شتێک ببێتە مایەی سەرسووڕمان (بەتایبەت بۆ دەسەڵاتداران)، ئەوە پاشەکشە نەکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتییە لە خواستەکانی. گۆیا وەها سەرکوتگەرییەکی دڕندانە دەبوو کۆمەڵگا بێدەنگ بکات، بەڵام نەیکرد! وەڕاست گەڕانی چاوەڕوانییەکان دەبوو ترس و دڵەڕاوکێی لێبکەوێتەوە، بەڵام لێینەکەوتەوە! نموونەیەکی سەلمێنەری ئەم ڕاستییە، دەرکردنی ئەم حوکمە پتر لە ٦٠ ساڵ زیندانەیە بۆ ١١ کەس لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە گیلان. ئەمجۆرە موحاکمانە لەماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا بەشێوەی بەرچاو پەرەیان سەندووە و لەمە بەدواش درێژەیان دەبێت. هۆکارەکەشی شتێک نییە بێجگەلە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" کە ئێستاش لە ناخی کۆمەڵگادا زیندووە و بەردەوامە. شتێک نییە بێجگەلە ئەوەیکە خەڵک بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر لە مافی ئازادیی ڕادەربڕینیان دیفاع دەکەن. ئەم یازدە کەسە بەشێک لە بزووتنەوەیەکن کە بوونەتە دەنگی سەدان هەزار "دایکی قۆمی"ی نەناسراو. هەر بۆیە سەرسام نەبوون بەمانای بایەخنەدان و کەمتەرخەم

بوون نییە. بەدڵنیاییەوە چالاکانی "مەحکوومکراو" دەکەونە ژێر چەتری پشتیوانیی خەڵکەوە.

ئەم گرتن و دادگاییکردن و حوکمە دڕندانە بەشێکن لە سەرکوتی ڕۆژانە؛ بەڵام بێگومان دەسەڵات، سەرەڕای ڕەنج و ستەمێک کە بەسەر چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و بنەماڵەکانیانیدا دەسەپێنێ ناتوانێ بەر بە عەزم و ئیرادەی ئەو خەڵکە بگرێت کە بڕیاریان داوە مافی ئازادی ڕادەربڕین، مافی دیاریکردنی چارەنووسیان وەدی بێنن.

ناوەندی نووسەرانی ئێران

هەینی ١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

## بەیاننامەی شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایانی ئێران

## سەبارەت بە مەحکوومکردنی ئەحکامی دژەئینسانی لەدژی چالاکانی سینفی و چالاکانی ژنانی گیلان

ناعەقڵانییەتی دەسەڵات، نامرۆڤایەتی ناوەندەکانی خۆی بەرهەم دێنێتەوە. بێڕێزێ و پەستی لەم حوکمانەدا وشەی "داد"یان شەرمەزاری مێژوو کردووە. جەهل و نەزانی بەرچاوی دەسەڵاتی گرتووە و ئەوە نابینێ کە لەئاستی کۆمەڵگادا ڕق و تووڕەیی جێگای ترسی گرتووەتەوە. ئاگری بێزاری و تووڕەیی خەڵک بەجۆرێک تەشەنەی سەندووە



کە هیچ شتێک ناتوانێ بەری پێبگرێت.

حکوومەت "سزادان" بە هەر ئامراز و بە هەر سوننەتێکەوە بێت بە تەنها مافی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێت. ئەم ڕوانگەیە لەو جێگایەوە سەرچاوە دەگرێت کە گۆیا هاووڵاتی گورگی حکوومەتە. ئەم لۆژیکە لە فەرمانڕەوایی مردنی حەتمییە. بێگومان ئینسانی ئەمڕۆ نابێتە قوربانی خواستی غەیری ئەخلاقی سیاسەتی ئێوە، واتە ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەتان بە هەر قیمەت و بە هەر ئامرازێک.

مافی ژیان، مافی ناڕەزایەتی دەربڕین، مافی سەرپێچیکردن بەرامبەر بە ستەمی ڕەها، مافی هاوارکردن، مافی موقاومەتکردن، مافی بەهرەمەندبوون لە سۆزی ژیان، مافی خۆبژێوی و خودکەفایی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، هەموو ئەمانە ئێمە و چالاکی سینفی و خەڵکخوازیمان بەرهەم دێنێتەوە. ڕێگایەک کە هەتا ئێستا بەرەو ڕزگاری و یەکسانی بڕیومانە ڕێگایەکی بێگەڕانەوەیە. ئێمە چیتر نابێنە ئەو کەسانەی کە خواستی ناعەقڵانی فەرمانڕەوایی "زۆر میحوەر"تان حوکم دەکات.

حوکمەکانی ئەم دواییەی دەزگای قەزایی دژبە چالاکانی بواری ژنان و پێشتر دژبە مامۆستایان لە گیلان، لۆمپەنیزمی ملهوڕانەی دەسەڵاتە لە بەکارهێنانی توندوتیژی بێسنوور لەدژی هەموو جۆرە ناڕەزایەتییەک کە خەڵکی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کلتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆیان نیشانیان داوە. خەڵک فێری ئەوە بوون کە "لە ترسان بترسێن". ئەمەش یانی: بنیاتنانی دەسەڵاتی خەڵک.

شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سینفییەکانی مامۆستایانی ئێران، ئەحکامی ناعادڵانە لەدژی چالاکانی بواری ژنان، زۆهرە دادڕەس، فرووغ سەمیعنیا، سارا جەهانی، یاسەمین حەشدەری، شیوا شاهسیا، نگین ڕەزایی، مەتین یەزدانی، ئازادە چاوشیان، زارا دادڕەس، جلوە جەواهری، هوومەن تاهری و ئەندامانی ناوەندی سینفی مامۆستایان گیلان، مەحموود سەدیقی پوور، عەزیز قاسم زادە، عەلی نەهالی، تەیموور باقری کوودەکانی، جەواد سەعیدی، تەهماسب سهرابی، ئەنوش عادڵی، جەهانبەخش لاجوەردی، غۆلامڕەزا ئەکبەرزادە، یەدوڵڵا بەهارسانی بەتوندی مەحکووم دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە ئەم ڕەوتە، ئیرادەی خەڵکی ژێر ستەمی ئێران بۆ بە ئاکام گەیاندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازییان زەڕەیەک لاواز ناکات.

١٠ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## سەبارەت بە مەحکووم کردنی هێرشی تیرۆریستی لە مۆسکۆ

بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی هەواڵ، شەوی هەینی ۳ی مانگی خاکەلێوە بەرابەر لەگەڵ ۲۲ی مارس، کۆمەڵێک چەکدار لە هۆڵی کۆنسێرتی کرۆکوس کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای مۆسکۆ تەقەیان لە خەڵک کرد و لە ئەنجامدا زیاتر لە ۲۰۰ کەس



گیانیان لەدەستدا و یان بریندار بوون. بەپێی زانیارییەکان لانیکەم پێنج کەسی نیقاب پۆش بە چەکی ئۆتۆماتیک تەقەیان لە خەڵک کردووە. لە گرتە ڤیدیۆ بڵاکراوەکاندا ئاگرکەوتنەوە بەهۆی هاویشتنی بۆمبی ئاگرزا و هەوڵی خەڵک بۆ خۆدەربازکردن لەم کارەساتە دڵتەزێنە دەبیندرێت. "لیژنەی لێکۆڵینەوەی ڕووسیە" لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە لەم هێرشە تیرۆریستییەدا لانیکەم ۱۱۵ کەس کوژراون و زیاتر لە ۱٤۰ کەسیش بریندار بوون. بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەرۆکی دەزگای ئەمنیەتی ڕووسیە، "چوار کەس کە ڕاستەوخۆ دەستیان لەم هێرشەدا هەبووە، لەنێو ئەو یازدە کەسەدان کە دەستگیرکراون". دوابەدوای ئەم هێرشە تیرۆریستییە، ڕێوشوێنە ئەمنییەکان لە سەرتاسەری ڕووسیە چڕتر کراونەتەوە، ڕێوڕەسم و بۆنە و ئاهەنگەکان هەڵوەشاونەتەوە و هێزە ئەمنییەکان و پۆلیس لە ئامادەباشیدان. لە هەمان کاتدا گرووپی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەرپرسیارێتی ئەم هێرشەی گرتووەتە ئەستۆ. لە بەیاننامەکەی داعشدا هاتووە: "جەنگاوەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەیەکی گەورەی مەسیحییەکان لە شاری کراسنۆگۆرسک لە دەوروبەری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیە. بە سەدان کەسیان کوشتووە و بریندار کردووە و وێرانکارییەکی زۆریان بەبار هێناوە و بە سڵامەتی بۆ پایەگاکانی خۆیان پاشەکشەیان کردووە". ئەم تاوانە خۆفناکە کە لە هۆڵی کۆنسێرتی کرۆکۆس ئەنجامدراوە، وەبیرهێنەرەوەی ئەو هێرشە تیرۆریستییەی داعشە کە شەوی هەینی ۱۳ی نوامبری ۲۰۱۵لە هۆڵی "باتاکلان" لە پاریس ئەنجامی دا. لەو کاتەدا تیرۆریستانی ئیسلامی خەڵکی ئامادەبوو لە هۆڵی باتاکلانیان بە بارمتە گرت و لەوپەڕی دڕندەییدا بە هاواری ئەڵلاهوئەکبەر

تەقەیان لەو خەڵکە بێدیفاعە کرد و قەتڵوعامیان کردن.

ئەم هێرشە مەرگبارەی داعش کە ئەمجارە هاووڵاتییانی بێ دیفاعی مۆسکۆی کردە ئامانج و خەڵکی ڕووسیەی تووشی شۆک و نیگەرانی کرد، تووڕەیی و بێزاری خەڵکی ئازادیخوازی لە هەموو جیهان لێکەوتووەتەوە. ئەم تاوانە تیرۆریستییەی تاقمی ئیسلامی داعش، بۆ جارێکی دیکە بیروڕای گشتی لە سەرانسەری جیهان ئاگاداری بەرینایی ئەو کارەساتانە دەکاتەوە کە ڕۆژانە لەلایەن حکومەتەکان و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری




ئەفریقا و هەندێک ناوچەی دیکەی جیهان ڕوودەدەن . ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، وەک بنکەی سەرەکی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هاوکاری حکومەتە سەرمایەدارییە ڕۆژئاواییەکان هاتە سەر دەسەڵات و ئێستا هاوپەیمانی حکومەتی ڕووسیەیە، ٤٥ ساڵە لەدژی خەڵکی ئێران و ناوچەکە جەنایەت دەخوڵقێنێ. ئەردۆغانی فاشیست، سەرۆکی حیزبی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە تورکییە، لەم ماوەیەدا و لە سایەی بێدەنگی میدیاکان و بە چرای سەوزی ئەمریکا، چەندین جار ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاری لە کوردستانی سووریە بۆردومان کردووە و سەدان کەسی کوشتووە و بریندار و ئاوارە کردووە. حکوومەتی تاڵیبان کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی ئەمریکا و ناتۆ دەسەڵاتی وەرگرتەوە، بە ئاشکرا یەکێک لە توندوتیژترین نیزامەکانی ئاپارتایدی ڕەگەزی بەسەر ژنان واتە نیوەی کۆمەڵگای ئەفغانستان دادەسەپێنێ. حکوومەتی پاشایەتی عەرەبستان لە قەیرانی سووریەدا داعشی کردبووە باسکی چەکداری خۆی. ڕۆژ نییە دەیان و سەدان ئینسانی بێدیفاع لە یەکێک لە وڵاتانی ئەفغانستان، سوریە، ئێران، عێراق، تورکییە یان لیبی نەبنە قوربانی تیرۆری گرووپە ئیسلامییەکان یان تیرۆری حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان. کارەساتە ئینسانییەکان بەهۆی هێرشی تیرۆریستی لە سووریە و ئەفغانستان بەجۆرێک بووەتە بابەتێکی ڕۆژانە کە ئاژانسەکانی هەواڵ بە نابەدڵییەوە هەواڵی پەیوەندار بەم ڕووداوانە دەخەنە ناو ڕیزی هەواڵەکانیان. نەتەوەی ستەملێکراوی فەلەستین و منداڵانی فەلەستینی لە هەموو ساتێکدا دەبنە قوربانی جینۆساید و تیرۆریزمی هاری حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمی ڕێکخراوی ئیسلامی حەماس.

ئێستا لە هەلومەرجێکدا کە شەپۆلێک لە تووڕەیی و بێزاری دژبە تاوانی تیرۆریستە ئیسلامییەکان بەسەر کەشوهەوای سیاسی ڕووسیەدا زاڵ بووە، پاراستنی بەها پێشڕەوەکان و ڕۆحی هاوپشتی ئینسانی حوکم دەکات کە ڕێکخراوەکان، ناوەندەکان و ئینسانە ئازادیخوازەکان ڕێگە نەدەن ڕەوتە ڕاسیستەکان و حیزب و هێزە ڕاستڕەوە دەسەڵاتدارەکان، ئەم تاوانە تیرۆریستییە بکەنە بیانوویەک بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و دژەکۆچبەری. خەڵکی ئاسایی لە وڵاتانی مسوڵمان نشین ڕۆژانە قوربانی تیرۆریزمی ئیسلامین، نابێت ڕێگە بدرێت هاووڵاتییانی مسوڵمان لە ڕووسیە یان هەر گۆشەیەکی تری جیهان ببنە قوربانی توندوتیژیی ڕەوتە ڕاستە توندڕەوەکان. ڕەوتە پێشکەوتنخوازەکان لە ڕووسیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو حەقیقەتە سادەیە کە هاووڵاتییانی مسوڵمانی ئەم وڵاتە جیاوازی بنەڕەتییان هەیە لەگەڵ گرووپە تیرۆریستەکانی ئیسلامی سیاسی کە سەرهەڵدانیان لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوو بەرهەمی چڕبوونەوەی کێبەرکێی نێوان دەسەڵاتە سەرمایەدارییە ئیمپریالیستەکانە، نابێ ڕێگە بدەن کارەساتی تیرۆریستی شەوی ٢٢ی مارس ببێتە بیانوویەک بۆ پێکهێنانی نائەمنی و داسەپاندنی توندوتیژی بەرانبەر بە هاووڵاتییانی مسوڵمان لەلایەن ڕەوتە ڕەگەزپەرستەکانەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای شەرمەزارکردنی هێرشی تیرۆریستی ٢٢ی مارس لە هۆڵی کۆنسێرتی کرۆکوس – مۆسکۆ، هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز لە سەرانسەری جیهان، هاوسۆزی قووڵی خۆی لەگەڵ ڕزگاربووانی ئەم کارەساتە تیرۆریستییە و خەڵکی مۆسکۆ دەردەبڕێت.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٣ی مارسی٢٠٢٤

٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٣

***

# کۆمەڵە داکۆکیکاری لێبڕاوی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

ئەزموونی سەرانسەری جیهان بەباشی سەلماندوویەتی کە دیموکراسی پەرلەمانی لە پشت زاهیری فریوکارانەیەوە بەردەوام ئامرازی دوور ڕاگرتنی کرێکاران و جەماوەری خەڵک بووە لە دەخاڵەتکەریان لە چارەنووسی خۆیاندا. ماهییەتی ڕاستەقینەی پەرلەمانتاریزمی بورژوازی نەتەنیا لە ڕژیمەکانی سەڵتەنەتی مەشرووتەی پەرلەمانی، نەتەنیا لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لە دیموکراتترین کۆمارییەکانیشدا ئەوەیە کە هەر چەند ساڵ یەک جار بڕیار دەدرێ کە کام یەک لە ئەندامانی چینی دەسەڵاتداری ناو پەرلەمان، خەڵک سەرکوت و مافیان پێشێل بکەن. لە بەرامبەر نیزامی پەرلەمانیدا، نیزامی شۆرایی باشترین و کارامەترین ئامرازی دەخاڵەتی گشت چینی کرێکار و جەماوەری خەڵکە هەم وەک داڕێژەری یاسا و هەم وەک بەڕێوەبەری یاسا و ئیدارەی کۆمەڵگە. لە باروودۆخێکدا کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیک و پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە هەموو کاتێک پەیوەندی پەرەپێداوە و ئیمکانی دەستڕاگەیشتنی بە زانیاری لە هەموو بوارەکاندا بۆ هەمووان خوڵقاندووە، نیزامی شۆرایی کاری دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی کرێکاران و جەماوەری خەڵک لە ئیدارەی کاروباری کۆمەڵگە ئاسانتر دەکاتەوە. ئەم نیزامە



دەتوانێ لە دامەزرانی دووبارەی سیستەمێکی بوروکراتیک کە دەکەوێتە بان سەری شۆڕش و خەڵکی ڕاپەڕیو و دەیانکاتە تەماشاچیی بێتوانای گۆڕەپانی سیاسەت، ڕێگری بکات.

یەکێک لە ئەرک و ئەولەوییەتەکانی کۆمەڵە کە پێویستە تەئکیدی لەسەر بکرێت، هەوڵی ڕێکخراوە لەپێناو ئەوەیکە ئالتێرناتیڤی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی لەناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا ببێتە وتارێکی بەهێز. بەسەرەنجدان بەوەیکە کۆمەڵگای ئێران چووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە، واتە قۆناغێک کە دۆسیەی دەسەڵاتی سیاسی بەرەوڕووی کۆمەڵگا کردووەتەوە، پرسی پێکهێنانی بەدیلی دەسەڵات لەبواری سیاسییەوە یەکجار گرینگە. لە بەرامبەر نەخشەڕێگای هێز و حیزبە ناسیۆنالیستەکان کە بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دابەشکردنی لە نێوان خۆیان و لە سەرووی خەڵکەوە و هەروەها بۆ سوپای نیشتمانی و سیستمی پارلەمانی و فیدرالیزم هەوڵ دەدەن، ئالتێرناتیڤی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان و ئیدارەی شۆرایی کۆمەڵگا کە بەشێک لە ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خودی جەماوەری کوردستان بووە، پێویستە بکرێتە وتارێکی بەهێز لە کۆمەڵگای کوردستاندا. پێویستە بیری ڕێکخراو و دەسەڵاتدارییەتی شۆرایی ببردرێتە ناو هەموو بنەماڵە و کۆڕ و کۆمەڵێکەوە. لە باروودۆخێکدا کە کۆمەڵگا کەوتووەتە قۆناغێکی شۆڕشگێڕانەوە، پێویستە لەپێناو پێکهێنانی شۆراکان، لە هەر کارخانە و ناوەندێکی بەرهەمهێنان، لە هەر گەڕەک و گوندێک، بەستێن سازی بکرێت. بە بێ بوونی بەدیلی شۆرایی بە وتارێکی بەهێز، کە فاکتۆرێکی چارەنووسساز و یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە،

ئەم نیگەرانییە لەئارادایە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا بۆ جارێکی دیکە بخرێنە پەراوێزەوە و پاش پتر لە چل ساڵ خەبات ئەو دەرفەتەیان بۆ هەڵنەکەوێ کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا دەورونەخش بنوێنن. ئەزموونی کوردستانی عێراق نموونەیەکی بەرچاوە کە نیشانی دەدات دەسەڵاتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان لەڕێگەی پەرلەمان و وەزارەتخانەکانەوە نەتەنیا هیچ ڕێگایەک بۆ دەخاڵەتی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا ناهێڵێتەوە، بەڵکوو پەرلەمان دەبێتە ئامرازێک بۆ دوور هێشتنەوەی خەڵک لە دەستڕاگەیشتنیان بە ئامرازەکانی ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. نابێ ڕێگە بدەین ئەم ئەزموونە لە کوردستانی ئێرانیش دووپات بێتەوە.

ئەگەر کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان نایانهەوێ دوای ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە چارەنووسی خەڵکی کوردستانی عێراق گرفتار بن، پێویستە هەر لە ئێستاوە بیر لە داڕشتنی بناغەی دەسەڵاتی شۆرایی خۆیان بکەنەوە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان پێویستە بیر لە داڕشتنی پایەکانی دەوڵەتێک بکەنەوە کە هەر ژن و پیاوێکی کرێکار، هەر ئینسانێکی زەحمەتکێش بتوانێ بەشێوەی شۆرایی ئامرازەکانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و ڕاستەوخۆ لە حەیاتی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا دەورونەخشی ڕێبەری بنوێنێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی شۆرایی لە کوردستان و مەنشووری دەسەڵاتی شۆرایی و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کە لەلایەن شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئیمکانی پایەڕێژیی وەها دەسەڵاتێک واتە "دەسەڵاتی شۆرایی" بە خەڵک نیشان دەدەن. کۆمەڵە دەیهەوێ زەرووڕەتی دەسەڵاتی شۆرایی بکاتە مەعریفەی گشتی خەڵکی کوردستان، بەو ئامانجە کە لەوە کەمتر بە سەرکەوتن حیساب نەکەن و لەوە کەمتریان قەبووڵ نەبێت. بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی، بابەتی دەسەڵاتداریەتی لە کوردستانی ئازادکراو بە مافی بێ ئەملا و ئەولای کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان دەزانێت و کۆمەڵە ئامادە نییە لە داهاتوودا لەگەڵ هیچ حیزب و گرووپێک لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات دانوستان و وتووێژ بکات. چونکە دەسەڵات نە بە هی ئەم حیزب و ئەو ڕێکخراو بەڵکوو دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەپێناو بەرابەری و ڕزگاری، بە هی جەماوەری خەڵکی دەزانێت. بەپێی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی خەڵک لە کوردستان، دوای تێکەوەپێچانی بارگەوبنەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنانی ستەملێکراو و بێبەشان کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێک دێنن، دەتوانن دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. بەگوێرەی بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی لە کوردستان، ئەوە پێکهاتەیەکی شۆراییە کە ئیمکانی بەشداری و دەخاڵەتی جەماوەر لەبواری دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا دابین دەکات و لە قازانج و بەرژەوەندیان پشتیوانی دەکات.

ئەوەیکە لە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ دەسەڵاتی جەماوەری لە

کوردستان تەئکیدی لەسەر دەکرێت، دەسەڵاتی شۆراییە کە لە سەرووییەوە کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی شۆراکان و لە خوارترین ئاستیشیدا شۆرای شار و گوندەگان و شوێنی کارن و لەڕێگەی سیستمی شۆراییەوە ڕاستەوخۆ وەک ئەندامێکی دەوڵەت لە بابەتی دەسەڵاتدا دەوری چالاکانە دەبینن و لەڕێگەی نوێنەرانی خۆیانەوە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی وەک کۆنگرەی ناحیەیی، ئەیالەتی، مەحەلی و سەرتاسەری لە هەموو بوارەکانی چالاکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری دەکەن. هێزی چەکداری مەحەلی لەژێر فەرماندەیی کۆنگرەی سەرانسەری شۆراکان دایە و ئەرکی دیفاع لە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر هەڕەشە و دەستدرێژی دەوڵەتی ناوەندی و یان هەر هێزێکی تری وەئەستۆ دەبێت.

***

## کۆبوونەوەی نارەزایەتیی کارمەندانی بێهزیستی لە شارەکانی کوردستان

کارمەندانی سازمانی بێهزیستی ئوستانی کوردستان لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ١٨و ١٩ی مانگی خاکەلێوە لە چەندین شار لەوانە سنە، مەریوان و بانە لە نارەزایەتی بە باروودۆخی خراپی بژێو و حقووقی ژێر هێڵی هەژاری، کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد. داواکاری ئەوان زیادکردنی حقووق و مەزایای کار، گونجاو لەگەڵ هەزینەی سەبەدی مەعیشەت بوو. فشاری ئابووری و گرانی



قیمەتی کاڵا پێویستەکانی ڕۆژانە، ژیانیانی بەرەوڕووی کۆمەڵێک کێشە و گرفت کردووەتەوە. کارمەندانی سازمانی بێهزیستی بەشێک لەو کرێکارە زەحمەتکێشانەن کە هەتا ئێستا گەلێک جار لەئاست ئەوزاعی مەعیشەتی خۆیان نارەزایەتیان دەربڕیوە بەڵام لەلایەن کاربەدەستانی ڕژێمەوە هیچ وەڵامێکیان پێ نەدراوەتەوە. لە بەرامبەردا دەزگای تەبلیغاتی درۆزنی حکوومەتی ئیسلامی بەخاتری ئەوەیکە خەڵک بۆ بەشداری لە مەراسمی حکوومەتی بێنێتە سەر شەقام، فریوکارانە کۆبوونەوەی نارەزایەتی کارمەندانی بێهزیستی لە شارەکانی کوردستان بە حیسابی "ڕێپێوانی کارمەندانی سازمانی بێهزیستی لە ڕۆژی قودس و بۆ حمایەت لە قودسی شەریف" ناوڵینا. هەڵبەت لە ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی مانگی خاکەلێوە و

هاوکات لەگەڵ نارەزایەتی کارمەندانی سازمانی بێهزیستی، لە زۆرێک لە شارەکانی دیکە کۆبوونەوەی نارەزایەتی دژبە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بۆ وەدیهاتنی داخوازییەکانیان بەڕێوەچوو. بۆ نموونە کۆبوونەوەی جێکەوتووی یەکشەممە ئیعتڕازییەکان بە هاتنە مەیدانی کرێکارانی خانەنشینی سەنعەتی فوولاد لە تاران و ئیسفەهان، کۆبوونەوەی نارەزایەتی خانەنشینانی تەئمینی ئیجتماعی لە شارەکانی ئەهواز، دزفوول، شووش، ئەراک، کرماشان، بە دروشمی وەک "نەنگ و سەرشۆڕی بۆ سەدا و سیما"، "زوڵم و ستەم کافییە، سفرەمان خاڵییە" و هەروەها کۆبوونەوەی نارەزایەتی شۆفیری ئۆتۆمبێلە گازوئیلییەکان لە زابوڵ بەڕێوەچوو.

بەڵام نارەزایەتی کارمەندانی بێهزیستی تەنیا بۆ وەدیهێنانی خواستەکانی خۆیان نەبوو، بەڵکوو لە نارەزایەتی بە وەزعی مەعیشەتی کەمئەندامانیش بوو کە لە پەیوەندییەکی کاری نزیکیان لەگەڵیان هەیە. کەم ئەندامانیش لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا گەلێک جار لە نارەزایەتی بە کەمبوونی کۆمەکی ماڵیی حکوومەتی ئیسلامی، لە بەرامبەر ئۆستانداری یان ئیدارەی بێهزیستی شارەکان کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەرپا کردووە و خوازیاری ئیجرای کامڵی مادەی ٢٧ی یاسای کەمئەندامان بوون. بەپێی ئەم مادەیە "دەوڵەت ئەرکی سەرشانیەتی کە کۆمەک خەرجی ژیانی ئەو کەسانە بدات کە کەمئەندام و خاوەنی پێداویستی تایبەتن و هیچ شوغڵێکیان نییە. وە ئەم کۆمەک هەزینەیەش پێویستە بە ئەندازەی لانیکەمی حەقدەستی ساڵانە بێت". بەڵام حکوومەتی ئیسلامی نەتەنیا ئەم مادەیەی بەڕێوە نەبردووە بەڵکوو لەئێستادا تەنیا نزیکەی ٣٠ لەسەدی کەسانی کەمئەندام مانگانە پوولێکی یەکجار کەم بەبڕی ٦٥٥ هەزار تمەن کۆمەک هەزینە لە لایەن دەوڵەتەوە وەردەگرن.

ئەم پوولە بە هیچ شێوەیەک بەشی دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانیشیان ناکات. کەمئەندامان لە نارەزایەتییەکانی خۆیاندا خوازیاری حقووقی یەکسان و لانیکەمی حەقدەستی دیاریکراو لەلایەن وەزارەتی کاری ڕژێم بۆ هەمووان بوون.

بەمجۆرە هەم خودی کارمەندانی سازمانی بێهزیستی و هەم کەسانێک کە خزمەتگوزارییان بۆ دەکرێ واتە کەمئەندامان، لە وەزعیەتێکی مەعیشەتیی فەلاکەتباردا بەسەر دەبەن. دەوڵەتی ڕەئیسی لە درێژەی سیاسەتی سەرمایەدارانەی دەوڵەتانی پێشوو، هیچ کات بوودجەیەکی گونجاو لەگەڵ تەوەرۆمی بۆ ئیدارەکردنی ئەو سازمانە و بۆ دابینکردنی ژیانی کەمئەندامانی لەبەرچاو نەگرتووە. حکوومەتی ئیسلامی کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا

بەهۆی کەمبوونەوەی فشاری تەحریمەکان ڕۆژانە زیاتر لە سێ ملیۆن بەرمیلی نەوت فرۆشتووە، حازر نییە پێداویستی ژیانی کارمەندانی بێهزیستی و کەمئەندامان دابین بکات. پارەی بەدەستهاتوو لە فرۆشتنی نەوت لەڕاستیدا هی هەموو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگایە کە ڕژیمی ئیسلامی لەپێناوی ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەیدا دەیکاتە خەرجی هێزی نیزامی و ئەمنیەتی، سپای پاسداران، دەزگا سەرکوتگەرەکان و گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییەکان و دەیکاتە هەزینەی سیاسەتی شەڕخوازانەی لە ناوچەکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیهەوێ هەزینەی دابینکردنی ژیانی کارمەندان و کەمئەندامانی سازمانی بێهزیستی بە خسووسی کردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی فریاگوزاری و یان بە سواڵ و



خورافەی ئیسلامی لە گیرفان و سفرەی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگا بدات. لەم پەیوەندەدا جێگری بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی بێهزیستی ئۆستانی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی خاکەلێوە لەوپەڕی بێشەرمیدا ڕایگەیاند کە: "لە سەروبەندی جێژنی ڕەمەزاندا ئەم ئیدارەیە، ئامادەیە بۆ کۆکردنەوەی زەکات، سەرفترە و نزوورات و کفاراتی مسوڵمانان. ناوەندەکانی تۆمارکردنی سازمانی بێهزینستی، ناوەندە خێرخوازی و بێهزیستییەکان لەئاستی ئوستاندا بۆ وەرگرتنی خێر ئامادەیی تەواویان هەیە. بەخۆشییەوە خەڵکی تێکۆشەر و وشیاری کوردستان کە زیاتر لە چوار دەیەیە ڕۆژانە بەرامبەر بە سیاسەتی دژەئینسانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە نەبەرددان، سرووشتی ئەم حکوومەتە باش دەناسن و هەرگیز حازر نین یارمەتییەکانی خۆیان بدەنە دەست بەرپرسانی دز و دەزگا گەندەڵەکانی حکوومەتی ئیسلامی.

خۆدزینەوەی حکوومەتی ئیسلامی لە دابینکردنی بوودجەی پێویست بۆ سازمانی بێهزیستی و کەمئەندامان و حەواڵەکردنیان بۆ زەکات و سەرفترە و خێر نیشانەی وەرشکستەیی کۆماری ئیسلامییە. لە حاڵێکدا کە ئیبراهیمی ڕەئیسی ئیدیعای گەشەی ئابووریی ٦ لەسەدی و کۆنترۆڵکردن و هێنانەخواری ڕێژەی تەوەرۆم دەکات و پاسدار ئەحمەد وەحیدی وەزیری ناوخۆکەی دوو مانگ لەمەوبەر ئابووریی ئێران لە ڕەدیفی بیست وڵاتی باشی دنیا تەوسیف دەکات، بۆچی دەبێ ڕژیم بوودجەی پێویستیان بۆ تەرخان نەکات؟ بێگومان واقعییەت شتێکی ترە. ئاماری ناوەندە ماڵییەکانی ڕژیم تەرازی تجارەتی غەیری نەوتی ڕەقەمی مەنفی ١٧ ملیارد تمەن و گەشەی بەرهەمهێنانی کەشاوەرزی و سەنعەتی ئێرانیشیان مەنفی ڕاگەیاندووە. لە سەرەتای دەست بە کار بوونی دەوڵەتی ڕەئیسیەوە، پارەی ئێران ٦٢ لەسەدی تر بەهای خۆی لەدەستداوە.

ڕۆژی شەممە و بەدوای بۆمبارانی کۆنسوولخانەی ڕژیم لە سووریە لەلایەن ئیسرائیل، قیمەتی دۆلار بۆ جارێکی تر چووە سەرێ و قیمەتی هەر دۆلارێکی ئەمریکا گەیشتە ٦٥ هەزار و ٥٠٠ تمەن. ئەگەرچی مەقاماتی ئابووریی دەوڵەتی ڕەئیسی ئەم چوونەسەرێی قیمەتی دۆلاریان ئاکامی فەزاسازی میدیاکانی دوژمن ڕاگەیاند، بەڵام لەڕاستیدا ڕیاڵ لە ڕیزی بێ ئەرزشترین و ناسەقامگیرترین دراوەکانی دنیا دایە.

لەگەڵ قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بێکاری زیاتر بووە، تەوەرۆم و گرانی توانای کڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی یەکجار هێناوەتە خوارێ و هەژاری و برسیەتی بەشێوەیەکی بێوینە پەرەی سەندووە. سەران و بەرپرسانی ڕژیم و فەرماندەکانی سپای پاسداران و چینی سەرمایەدار لەڕێگەی پەرەپێدانی چەوسانەوە و دزی و گەندەڵی و ڕانتخۆری، سەرووەت و سامانی کۆمەڵگا تاڵان دەکەن. ڕژیم نەتەنیا ناتوانێ هیچ جۆرە باشتربوونێک لە ژیانی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگا پێکبێنێت بەڵکوو بێکاری و هەژاری و برسیەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەرۆکیان پێ دەگرێ. لە وەها بارودۆخێکدا جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەمیدە ڕێگایەکیان بێجگەلە گەشەپێدانی خەبات و ڕێکخستنی ڕیزەکانیان و ئامادەکرنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدارانیان بۆ نەماوەتەوە.

***

# شێعر

**کورتەی ڕۆژ ژمێری کات و ساتی لێک دابڕان لە زمان شەوبۆی ژنە پێشمەرگە کە خۆشەویستەکەی لە گەڵ هاوڕێیانی گوردانی شوان لە کارەساتی هەڵەبجەدا لە دەست دا.**

## "ون بوون لە گۆمی خەما"

پەڵەی هەورەکانی شەوی دوێشەوهەر هەموویان خۆیان بە سپیدەی سەحەر تەسلیم کردبوو، ببون بە تیشک وردە تێکەڵاوی بەیانی دەبوون تا وەکو گزینگ بخەنە سەر لادێی بیارە، سەر هەر دووک مەقەڕەکە پاقژ کرابووە لە کڕێوەی بەفرێک کە چەند ڕۆژ بوو بە تاو بە سەر گوندەکەدا دەباری. هاوکات دەنگی شریخ وهوڕی تۆپ و گولەی شەڕلە قەسر شیرینەوە کە جوان لێمان دیار بوو دەبیسترا.

دوێشەو هاوڕێیان گەلەکۆمەیان کردبوو بەفری سەر بانی مەقەڕ وسەر ڕێگای هات و چوویان ماڵیبوو.

"ناسرم" سەر لە بەیانی پێش لە هەڵاتنی خۆرەتاو خۆی خستە ژوورەوە، هەموو گیانی ئارەقی هیلاکی بەفر ماڵینەکەی لێوە ئەتکا، ژوورێکی گچکۆڵەمان لە حەوشەی مەقەڕەکەی پەلی شەهید جەلال هەبوو،خۆی خستە باوەشمەوە و تون تون لە ئامێزی گرتم و چرپاندی بە گوێما ژیان بە بێ تۆ چەند بێ مانا دەبوو شنە گیان...لەو هەموو سەرما و مانویەتیا سەبرم هێنا بۆ ئەوەی ئەمزانی لە ئامێزتا هیلاکیم دەر ئەچێ وگەرم ئەبمەوە.

شتێک بۆ خۆر هەڵات نەمابوو تۆزێک پشووی گرت و پاشان هەستا وڕووی لە من کرد بە چاوە جوانە دروشتەکانی کە زڵەی فرمێسکی تێکەوتبوون تەماشامی کرد و بە هێواشی وتی: ئەوڕۆ...ئەوڕۆ دەبێ بڕۆی. هەردووکمان دڵمان پڕ بوو هەنیسکێکی نامۆ لە گەروومانا پەنگی خوارد! خۆشەویستی و ماڵئاوایی و خەیاڵی پێک گەیشتنەوە بە یەکجاری پێکەوە تێکاڵا بوون. لە بەر مەقەڕ زڵە زڵ بوو، جەماعەت زۆربەیان ڕا



ببوون و کۆمەڵ کۆمەڵ وەستا بوون بە گفتو گۆ. لانکرۆزەکەی حەمە ئاڵمانی ئامادە لە خوارەوەی مەقەڕ پارک کرابوو چاوەڕێی موسافر بەرەو چنارە بوو لە هەمان کاتدا چەن کەسێکی لە هاوڕێیان لە چنارەوە هێنابوو یەکێکیان عەزیزەی ئەعزەمی بوو کە هاتبوو بۆ سەردانی خۆشەویستەکەی عەلی وەزیری، کێ دەیزانی خەیاڵی پێکەوە ئارامگرتنیانی لە سەرا نەبوو، کێ دەیزانی نەی ویستوە خۆشەویستەکەی بە تەنیا جی بهێڵێ.... کێ چی دەزانی، کەسمان!!

"شۆکێ" فەرماندە بانگی کردم وتی شەوبۆ حازری؟


حازر نەبووم، دەروونم پڕپڕ بوو لە ئاژاوە،دەستم لە ئەستۆی ناسر بەر نەدەدا. سووسەن فەریقی هات و دەستمی ڕاکێشا وتی کچێ وەر بابڕۆین نەکەویتە درەنگان وەعدە وایە ئێمە شەو دانەهاتوو بگەڕێنەوە. دەبا ئەو لانکرۆزرە شۆکی و پۆلەکەی لە چنارەوە دوو بارە بهێنایەتەوە بۆ بیارە و لەو سەریشەوە وەعد، وەعد شۆکی وتبووی ناسر بەیانی زووی ڕۆژی دوایی بهێنێت و دەستی بە دەستی من بگات. مان و نەمان بەیانی هەرگیز نەگەیشت....

٤٣ ساڵ تێپەڕ بووە و من بە چاوگەل نیگەران و دڵم پڕ لە بیرە بیرەی هات و نەهات نەمتوانیگە لە چیرۆکی دابڕان تێپەڕ بم. ئەگەر چی پێنووسەکەم بە سەدان جار خۆی خشاندۆتە باخەڵی دەفتەرێکەوە بەڵام توانای نەبووە لە بەر دەرگای مەقەڕی بیارە و بەیانی زووی ڕۆژی ٦١ی مارسی ٧٨٩١ بستێک ئەو لاتر بچێت...

ئەو ڕەشەمە
ئەو ڕەشەمەی بێ ڕوحمانە ڕووی تێکردن
دەستی ڕاستی کۆمەڵەی قرتاند
پشتی بزووتنەوەی کمونیستی
 ئێرانی چەماند.
ئەو ڕەشەمە
دایک و بابی منداڵی پێشمەرگەی ڕفاند
ئەژنۆی باوکە پێشمەرگەی شکاند
جەرگی دایکە پێشمەرگەی سووتاند.
ئەو ڕەشەمە
خوشک و برای پێشمەرگەکان کۆستیان کەوت
 هەڤاڵانی لادێ و شاری سەرجەم تاساند.
ئەو ڕەشەمە
باڵی پۆل پۆل باڵندەی بەرزەفڕی
پەیغام هێنەری ئازادیی ڕزاند.
ئەو ڕەشەمە
لە پاش مەرگیا گەردەلوولێکی ڕەشی هەڵکرد
کومونارده هەرگیز نەبەزیوەکانی
گوردانی شوانی سەر لێ شێواند
ڕێگای پاش و پێشی لێیان ئەستاند.
ئەو ڕەشەمە
گۆمی سیروان دەتگوت سیالاوی ئەوین بوو
پولێک چنار و شۆڕەبی و سنەوبەری لە خۆیا خنکاند.
ئەو ڕەشەمە
کەس دەنگی پێی بەهاری نەبیست
کەس سەمای چرۆ کردنی دووبارەی دارستانی
بە بێ چنارو شۆڕە بی و سنەوبەری نەویست
لە کۆتایی ئەو ڕەشەمە
نەورۆز موژدەی بەهاری نەهێنا
ئەو ڕەشەمە
عەشق بوو کە کۆش کۆش ئەسپەردە کرا
ئەو ڕەشەمە
ئەنفالی خودایانی دیکتاتۆری داسەپاند
نەڕۆیشت، نەڕۆیشت
هەتا ژەهراوی ئاخرینی بە سەر هەڵەبجەدا ڕژاند
ئاخ کە چەنێ ناخی ڕەشبوو ئەو ڕەشەمە
ئەگەر هەرچی مێژوو نووسە
مێژووی ڕەشی بنووسنەوە هێشتا کەمە
ئیلتیامی زامی کاری کە لێیداوین زۆر ئەستەمە.

”شەوبۆ- م ١٦ای مارسی ٢٠٢٤

لـە ٣٦ ە میـن گیانبەختکردنـی هاوڕێیانـی هاوسـەنگەرم
” گوردانی شـوان“




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــــــــڕەو**
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**ئیمەیلی کۆمیتەی هاوئاهەنگی تەشکیلاتی دەرەوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
tashkh@cpiran.org

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧